مەکتەبی بیروهۆشیاری

# جاش‌و جینۆساید

## کۆمەڵێک دیکۆمێنت لەسەر رۆڵی

## مستەشارەکان لە ئەنفال دا

مەحمود سەنگاوی

کوردستان - سلێمانی
٢٠٠٧

مەکتەبی بیروهۆشیاری

ناوی کتێب: جاش‌و جینۆساید

نوسەر: مەحمود سەنگاوی

سەرپەرشتیاری چاپ: سیروان جاف

چاپی دووەم ۲۰۰۷

دیزاین‌و بەرگ: ئەندێش دیزاینەر

ژمارەی سپاردن: (۷۷۰) ی ساڵی ۲۰۰۷

ژمارەی زنجیرە: (۲٤۲)

**چاپ: دەزگای چاپ‌و پەخشی حەمدی**

لە بڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری

(ی.ن.ك). ساڵی ۲۰۰۷

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**پێشەکەشە بە:**

- **بەو گیانە لە خاچدراوانەی بەخوێنی جەستەیان ئەنفالیان پێناسەکردو پێیان وتین مستەشارەکان ئێمەیان گەیاندە وڵاتی لم، تکایە لێیان نەبورن!**

- **بەو پاکیزانەی پرۆسەی ئەنفال کە مستەشارەکان کردنیاننە دیاری بۆ حوکامەکانی بیابان.**

مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# پێشەکی چاپی دووەم

چاپی یەکەمی کتێبی "جاش و جینۆساید" بلاوبووەوە ، بەلام بەهۆی کەمی تیراژەوە تەنها ژمارەیەکی کەم لەناوەندە رۆشنبیری و دام و دەزگاکان و کەسانی رووناکبیری پشکیان بەرکەوت ، بەلام خۆشبەختانە دەنگدانەوەیەکی باشی هەبوو لە کوردستاندا خەلکی بەتامەزرۆییەوە پێشوازیان لێکرد هەر بۆیە داوامان لە(مەکتەبی بیرو وشیاری)یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کرد بەلکو جارێکی دیکە چاپی بکەنەوە ، ئەوانیش بەرێزەوە داواکەیان قبول کردین کەجێگەی خۆیەتی هەلوێست و ماندووبونیان بەرز بنرخێنین و سوپاسیان بکەین .

ئاشکرایە ناوەرۆکی کتێبی(جاش و جینۆساید)باس لەهەلوێستی کۆمەلە کەسێکی خۆ فرۆشی ئەم میللەتە ئەکەن ، کە تۆمەتبارن بە ئەنفالکردنی هەزاران تاکی کوردی و خاپور کردنی سەدان گوندو خولقاندنی دەیان گرفتی دەروونی و کۆمەلایەتی .... کە بەئێستاشەوە وەکو بەرزەکی

بانان بۆی دەرچوون و کەسیش پێیان نالێن پشتی چاوتان برۆیە !!!!!

ئەمەش ئەو بۆچوونە لەڕاستی نزیك دەکاتەوە کەدەڵێت"سروشتی کورد ئاوایە زۆر بەزووی و سانایی غەدر و خیانەتیان لەبیر دەچێتەوە ، نەوەکانیان سوود لەئەزموونە تاڵەکان وەرناگرن ، رقیشیان لەخیانەتکارانی میللەتەکەیان نابێتەوە " زۆر جاریش خیانەتکاران و خۆفرۆشان توانیویانە سوود لە دڵساڧی کورد وەربگرن و بەچەند پاساوێکی ناواقیعی و بەڵێنی بێبناغە خۆیان بکەنە بەفری بێ پەڵەو دواتریش هەندێکیان لەڕیزی پیاوانی مزگەوت یان تەکیەو خانەقا و دیوەخاندا خۆیان ببیننەوەو لەبچوکترین دەرفەتیشدا خیانەتەکانیان دووبارە کردۆتەوە کەمێژووی دوورو نزیکی کورد دەیان نمونەی لەم چەشنەی تێدایە .

جاش و مستەشارەکانیش کە بازرگانیان بەگیان و شەرەڧی نەتەوەکەیانەوە دەکرد ، لە...، ...، ... تاوەکو ئەنفالیان بۆ بەعس کرد ، ئێستا لەسایەی حیزبە سیاسیەکاندا نەك دادگایی نەکران بەڵکو کران بە فەرماندەو مارشاڵ ، پیاوی ڕێز لێگیراو و هەرە گەورە ئەگەر چی بەڵگەکان ئەوەش دەرئەخەن کەلەدوای لێبوردنەکەی بەرەی کوردستانیەوە ئەم جاش و مستەشارانە جارێکی تر لەدوای ڕاپەڕین و بگرە لەدوای ڕووخانی دیکتاتۆریشەوە پەیمانی

گەڕانەوەیان بۆ ئاخوڕی بەعسیان تازە کردۆتەوە.

بەڵام بەداخەوە ئێمەی کورد سوود لەمێژووی خۆمان نابینین ، زۆر جار هەڵەکانی مێژوو دووبارە ئەکەینەوە لەئێستادا لەبری ئەوەی دادگاییان بکەین و بیانکەینە عیبرەت تاجارێکی دیکە کەس نەتوانێت لە خەیاڵی خۆیشیدا نەخشەی خیانەت کردن لەم میللەتە دابنێن ، هەندێکیان کرانە ئەفسەرو پلەدار ، هەندێکی تریشیان دیوەخانیان بۆ بڕایەوە ، پاساوی ئەوەیان بۆ ئەهێنرێتەوە کە گوایە ئەمانە لەکاتی بەعسدا پەیوەندیان بەڕێکخستنی حیزبە سیاسیەکانەوە هەبوو ،من دەپرسم دەگونجێت ڕێکخستنی حیزبێکی سیاسی بازرگانی بەشەرەف و کەرامەتی کچ و ژنانی نەتەوەکەیەوە بکات ؟... کەدڵنیام وەڵامی هەموومان بۆ ئەم پرسیارە نەخێرە !!!! بەڵام خۆ مستەشارەکان ئەوەیان کردو ئێمەش جۆرەها بیانووی بێ سەرو بەرەمان بۆ هێنانەوە ، ئێستا خەریکە وای لێدێت ئەوان پیاو چاکن ئێمە تێکۆشەرانی مەیدانی کوردایەتی پیاو خراپ !!!!

بەچاپ گەیاندنی(کتێبی جاش و جینۆساید)یش بەهەڵوێست دەزانم کەئەگەر هیچیشم نەکردبێت خۆ توانیومە مستەشارە خیانەتکارەکان بهێنمەوە بیری کەس و کاری ئەنفالەکان .

بەڕاشکاویش ئەیڵێم فاکتەری سەرەکی دووبارە

کتێبی پێشمەرگایەتی

چاپکردنەوەی کتێبەکە ئەوەیە کە جاشەکان زۆر پێیان ناخۆشەو، کەس و کاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و پێشمەرگە و جەماوەری گەلەکەشمان زۆریان پێ خۆشە.

دیارە هیچ بەرهەمێك بێ کەم و کورتی نابێ بەتایبەتیش لەکاتی نووسینەوەو تایپ کردندا ، لەم چاپی دووەمەدا هەوڵمانداوە ئەو هەڵانە چاك بکەینەوە بێ ئەوەی کاریگەری لەناوەڕۆکی کتێبەکە بکات . بێگومان کتێبی(جاش و جینۆساید)یش بە کامی دڵی هەموو کەسێك نیە بەڵکو خەڵك دابەش دەبن بەسەر لایەنی پشتگیری کردن و دژایەتی کردنیدا ، هەر کەسێکیش مافی خۆیەتی لەهەر بەرەیەکیاندا بێت ئازادانە بیروباوەڕی خۆی دەرببڕێت .

**مەحمود سەنگاوی**

**١٤ /١٥ - ٨ - ٢٠٠٧**

**سلێمانی**

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# پێشەکی

بەپێی هەل و مەرجە جیاجیاکانی شۆڕش و پێشمەرگایەتی جاش و جاشایەتی لە کوردستاندا سەریان هەڵداوەو ،بەپێی ئەو هەلو مەرجە نائاساییانەی کەلەلایەن داگیرکەرانەوە ڕووبەڕووی گەلەکەم بووەنەتەوە لە شۆڕشی ئەیلول و شۆڕشی نوێی گەلەکەکەمان بە ڕابەرایەتی (ی.ن.ك) پێشمەرگە بووم .

ڕژێمە تۆتالیتارییەکانی عێراق هەموو تواناو دەسەڵاتی سیاسی و دیپلۆماسی و تەکنەلۆژیای عەسکەری و ژێرخانی ئابوورییان خستۆتە گەڕ بۆ ڕەشەکوژی مرۆڤی کورد ، بەو هەموو توانایانەوە هەوڵیان داوە سەرۆك خێڵ و شێخ و شێخزادەو کەسێتییە لاوازەکانی کۆمەڵگای کوردەواری بەمشتێ پارە بکڕن بەو پێیەی کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی نیمچە دەرەبەگییە هەمیشە داگیرکەران دەرەبەگەکانیان کردۆتە داردەستی خۆیان ، جوتیارانیش بە هۆی پەیوەندی زەوییەوە ناچار بوون داواکارییەکانی دەرەبەگ جێبەجێ بکەن ، یان زۆر جار بەزەبری پارەو پوول سودیان لە دەرەبەگەکان وەرگرتووە دژی شۆڕشی کورد و کوردستان دەرەبەگەکان پێکهاتبوون لە کۆمەڵێك شێخ و

شێخزادە و ئاغاوبەگ و سەید و خاوەن موڵك، بگرە ئەگەر شێخەکان خاوەن موڵکیش نەبووبێتن ئەوا ژیرانە توانیویانە سوود لە دواکەتوویی خەڵکی ڕەشۆکی و تایبەتمەندییە ئایینییەکەی خۆیان وەربگرن و ژمارەیەکی بەرچاو لە مورید و دەرویش و صۆفی لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە و بە ئاقاری بەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆیان و هەندێ جاریش لە دژی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان بەکاریان دەهێنان ، ئەمەش ناکاتە ئەوەی کە لە ریزی ئەو چینە کۆمەلاَیەتیەدا خەڵکی تێکۆشەر و شۆڕشگێڕ نەبووبێت بەڵکو بەدەیان سەرکردەوفەرماندەی لێهاتوویان تێدا دەرکەوتووە ، بەلاَم ئەم چینە لە بەرژەوەندیاندا نەبووە کە شۆڕش گەشە بکات و ئازادی تاك بەدی بێت و کورد ببێتە خاوەنی دەسەلاَتی سیاسی خۆی چونکە بەگەشە کردنی ئازادی و ڕوناکبیری‌و شۆڕشگێڕی، هەم خەڵکە سادە و ساکارەکەیان لێئەتەکێتەوە هەم تەکییە و خانەقاکان چۆڵ ئەبن دیارە ئەمەش بە زیانی ئەم چینە کۆمەلاَیەتییەیە...

لەسەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی نوێ دا چەندان مەفرەزەی تایبەتی جاش لەگەرمیان و قەرەداغ و دۆڵی جافایەتی و مەرگە و سنوری کۆیەو دەشتی هەولێر و بادینان دا بست بە بستی چیاو لاپاڵ و گردو شیوو دەشت و ئەشکەوتەکان بەدوای پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکان دا دەگەڕان، لەو

سـەردەمانەدا ئـەو مـەفرەزە تایبەتیانـەی جـاش لەلایـەن ئیستیخباراتی فەوج و لیواکانی سوپای عێراقەوە سەرپەرشتی دەکران . بۆ دۆزینـەوەی تێکۆشـەرانی گـەلی کورد بۆ ئـەوەی بیانخـە داوەوە بـە زینـدویی یـان بـە مردویـی سـەری تێکۆشـەرەکانیان ئەهێنایـەوە بـە ئیـستخباراتی عێراقیـان ئەفرۆشت، نموونەی ئەوانـەش ((حەمـە خـانی حـاجی دارا - عوسمانی هۆکل-ڕەشەی صالح- بایزی عەزەی حـاجی ڕەشـید)) بوون کە سەری شەهیدان سیروان تاڵەبانی و حەسەن خاوێیی و عەلی چەلەبی و دەیان تێکۆشەری تریـان بەمـشتێ پـارە بـە ئیستخباراتی عێراقی دەفرۆشت لەلایەن صدامی دیکتـاتۆرەوە سمبولی ئازایەتی بـە بەرۆکیانـدا دەکـرا ، لـە کاتێکدا ئەمانـە شـەرەفی نەتـەوەیی و کەرامـەتی هاونـشتمانەکانی خۆیـان دەفرۆشت‌و نوقم ببوون لە تاوانی خیانەتکاریدا. مانگانـە بـە بۆنـەی لـە دایـك بوونـی صـدام و بۆنـەکانی بـەعس و سـەرکەوتنەکانی ئـەنفال و لـە ڕێگـەی کەناڵە جیاوازەکانـی ڕاگەیاندنـــەوە دەیـــان بروســـکەی پیرۆزباییـــان ئاراســـتەی سەرسەختترین دوژمنی نەتەوەکەیان دەکـرد، وە نـەبێت ئـەم مستەشارانە تەنها لە ناوچەیەکی دیـاری کـراوی کوردسـتان و لە یەك خێڵ و چین و کۆمەڵایەتی بن بگرە لە کفرییـەوە تـا زاخۆیان کردبوە دۆزەخ لە پێشمەرگەکانی یـەکێتی نـشتمانی کوردســـتان وپـــارتی دیموکراتـــی کوردســـتان و هێـــزە

تێکۆشەرەکانی سەر گۆڕەپانی کوردستان.....

که گفتوگۆی ١٩٨٤دا لەلایەن ی.ن.ك و ڕژێمی عێراقەوە نەگەیشتە ئەنجام ، هێزی پێشمەرگە داستانی (دابان - هەلاج و قەیوان ماوەت و ڕزگاری) و چەندان داستانی گەورەیان تۆمار کرد ، ئەو سەردەمانە ئاگری شەڕی عێراق - ئێران لەبرەودا بوو ، هێزەکانی سوپای عێراق و ئێران پانتاییەکی جوغرافیای سەر سنوری یەکتریان کردبوو بەشەڕگە و سەربازگە ، لەو سەردەمانەدا هێزی پێشمەرگەی هەر چوار مەڵبەندەکەی (ی.ن.ك)و بەرەی کوردستانی پێ ی نایە قۆناغێکی نوێترەوە . هێزی پێشمەرگە رەبایەو سەربازگەو ناحیەو قەزایان دەگرت ، ناوچە ئازادکراوەکانیان فراوانتر دەکرد.

ڕژێمی تۆتالیتاری عێراق هەموو توانایەکی خۆی خستەگەڕ بۆ کردنەوەی چەندان فەوجی سوك ،چەند سەرەك خێڵ و شێخ و ئاغاو سەید و بەگ و کەسیەتی لاوازی کوردستان ، ئەوانەی هیچ ئینتیمایەکیان بۆ خاك و نەتەوەکەیان نی یە بوون بە مستەشار و فەرماندەی سریەوە رەفیق حیزبی و نەسیر موتەقەدیم ، بەهۆی شەڕی عێراق - ئێرانەوە زۆر لەگەنجەکان بوون بەسەربازو بۆ ئەوەی لەدۆزەخی ئەو شەڕەدا نەکوژرێن هەڵاتن ، هەندێکیان بوون بە پێشمەرگە ، هەندێکی تر وەك سەربازی هەڵاتوو

لەگوندەكان دا دانیشتن ، هەندێكی تریان ڕویان كردە هەندەران ، زۆریشیان لەشارەكان دا مانەوەو وەرەقەی خەفیفەیان خستە گیرفان ، مووچەی جاشایەتیەكەشیان دەخستە گیرفانی مستەشارەكانیان، ئەم جاش و مستەشارو فەرماندەی سریە و مەفرەزە تایبەتییانەی جاش ، لەسەرتاپا ناوچە جیاجیاكان دا زانیارییان لەسەر (مەفرەزە...كەرت ، تیپ...مەڵبەند ...سەركردایەتی (ی.ن.ك) و پارتە سیاسییەكانی تری كوردستانیش كۆدەكردەوە دەیانگەیاندە ئیستیخباراتی فەوج و لیواكان و هەندێكیشیان سازشیان لەسەر شەرەف و ئابڕووی خۆیان دەكردو بە مەبەستی خۆ بردنە پێشەوە دەبوونە ڕێپیشاندەری هێزەكانی سوپای عێراق بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگە تێك پشكێنن ، گوندەكانیان خاپوور دەكرد بۆ ئەوەی ورەی گەنجەكان بڕوخێنن ، وەك خۆیان چەكی خیانەت بكەنە شانیان ، مستەشارو جاشە سوكەكان شارەزای بست بە بستی سەراپا چیاو دۆڵ و گردو شیوو لاپاڵەكان بوون. گەر بە وردی ئەم بەرهەمە بخوێنیتەوە ئەو هەموو مستەشارو فەرماندەی سریانە. چۆن لەهەر(٨)قۆناغی ناوچە جیاجیاكان دا ..شانازی بەجاشایەتی و سەرۆكی فەرماندە حەفیزەهوڵلاوە دەكەن ..جینۆساید كردنی گەلەكەیان بەكارێكی نشتمانی دەزانن .

دوای هەوڵ و ماندوو بوونێکی زۆرو ، هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی (هاوکاری و گۆڤاری ڕەنگین، نوروز العراق) ، ئەو هەموو مستەشارانە دەبینی بروسکەی پیرۆزبایی بە بۆنەی ئەنفال و سەرکەوتنەکانی سوپای عێراق بۆ دەستگیرکردنی ژن و پیاو و منداڵی کوردو بێ سەرو شوێن کردنیان و خاپورکردنی گوندەکان دەنێرن .

ئەم مستەشارانە ئەوەندە دڵسۆزن بە گوزارشتی خۆیان، جوانتر پێناسەو وێنەی خۆیان و ناوی سیانی و ناوی فەوجە سوکەکانیشیان بە ملەوەنی لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان تۆمار کردووە لە دیدارو ڕیپۆرتاژەکاندا بەشانازیەوە خۆیان دەڵێن ئێمە بەشداری جینۆساید کردنی کوردمان لەگەڵ سەدام و سەرانی بەعسدا کردووە .

لێرەدا نامەوێ لەمە زیاتر لەبارەی بروسکەی پیرۆزباییەکان و ئازایەتی و قارەمانی ئەم جاشانە بدوێم کەبەچەکەکانیانەوەو بەپاڵپشتی سوپای عێراق و حیزبی بەعس چۆن پەلاماری ژن و پیاو ومنداڵی گوندەکانیان داوەو دەزگیریان کردون. چۆن سامانی ئاژەڵداری و کشتوکاڵی جوتیارەکانیان تالان کردووە.

کاتی دادگایی مستەشارو ڕەفیق حیزبی و نەسیر متەقەدیمەکان نزیك بوەتەوە ، چۆن سەدام و عەلی حەسەن مەجید و سەرانی بەعسمان لەناو قەفەزی دادگادا بینی ،

ئومێـد دەكـەین ئاوەهـاش هـەموو ئـەو جاشـە كوردانـەی كەبەشداری جینۆسایدكردنی گەلەكەیان كردووە لەو قەفـەزو دادگایەدا ببینین كەئەمەش مـافێكی كەسوكاری قوربانیانـەو یاساو ئاینەكانیش پشتگیریان لێ دەكەن .

پێویستە فۆرمی سكاڵای یاسایی ئامادە بكرێت ، هـەموو مەرجـە بنەڕەتییـە یاساییەكان لـەخۆ بگرێت ، بـۆ ئـەوەی كەسوكاری ئەنفالـەكان خۆیـان راسـتەوخۆ سـكاڵا لەسـەر ئـەو مستەشـارانە تۆمـار بكـەن كەلـە پێـش هێزەكـانی سـوپای عێراقەوە هێرشیان دەكردە سەر گوندەكان ، لەكۆتاییـشدا داوا دەكـەم كـە سـوكاری ئەنفالـەكان سـكاڵاكانیان بەرنـە بـەردەم دادگـای بـاڵای تاوانــەكان لــەعێراق لــەدژی مستەشـارو ئەنفالچییەكان.

**مەحمود سەنگاوی**

**سلێمانی**

**٢٥ /٧ /٢٠٠٧**

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## مستەشارەکان
## مێژوو لە هیچ خائین وتاوانبارێکی ئەنفال نابووریٚ
## کەی کەس و کاری ئەنفالەکان سکاڵا لەسەر
## مستەشارەکان لە دادگا تۆمار دەکەن

## بەشی یەکەم

ڕێژێمی تۆتالیتاری عێراق یەکێك بووە لەو دەسەڵاتانەی دوای کودەتای١٧ی تەمموزی ١٩٦٨ تا ٩ /٤/ ٢٠٠٣ کە دەکاتە نزیکەی ((٣٥))ساڵ سەراپا ژێر خانی ئابووری عێراقی بۆ بواری ڕاگەیاندن و تەکنەلۆژیای سەربازی تەرخان کرد.

لە بواری ڕاگەیاندا بایەخێکی زۆری بەکاری ڕۆژنامەنووسی بیستراو نوسراو بینراو دەدا ،ئەمانەشی بۆ زیاتر چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی و پاراستنی و دامو دەزگا سەرکوتکەرە دیکتاتورییەکانی بوو.

ئەگەر بڕوانینە ئەو هەموو سەرچاوە گرنگانەی ڕاگەیاندنی عێراق وەك چەند تەن دیکومێنت و زنجیرە

بڕیارە یەك لەدوا یەكەكانی سەردەمی ((احمد حسن البكر))ی سەرۆكی عێراق‌و لە دوای كودەتای ١٧ی تەمموزی ١٩٧٩ صدام حسینی سەرۆكی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕش زۆربەی بڕیارەكان بەپێ ی میزاجی عەقڵی صدام بوون چ ئەوانەی كە بەناوو ئیمزای خۆیەوە بلاّوی كردونەتەوە چ ئەوانەی بەناوی ئەنجومەنی سەركردایەتی شۆڕشەوە خستوونیەتیە ڕوو .

پڕۆژەی جینۆساید كردنی كورد بەپێی پێشنیاری ((میشیل عفلق))ی دامەزرێنەری حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست خستۆتە ناو ئەو بڕیارانەوە كە دەڵێت:(ئەو كەمە نەتەوانەی لەسەر ئەم خاكە دەژین بە دوو ڕێگا بتوێننەوە. ڕێگای یەكەم:دەبێت بە هێمنی پەیڕەوبكرێت بەلاّم درێژەی پێ بدرێت .ڕێگای دووەم:ئەگەر بۆ توانەوە بەرگریان لە خۆیان كرد دەبێت زەبر و زەنگ بەكاربهێنین.)).

صدام هەموو بڕیارە دیكتاتوریەكانی دەخستە چوارچێوەی ماددەی یاساییەوە .

دوایی مۆركردنی پیلانی جەزائیر لە نیوان ((شا و صدام)) بە هاوئاهەنگی (هواریێ بومیدیەن )لە جەزائیر،شۆڕشی ئەیلول دوای ١٥ ساڵ خەبات و قوربانییەكی گەورە و بەردەوام .تێكشكاو.هێزی پێشمەرگە پەرتەوازە بوون گەلی

کورد لەو هەلو مەرجەدا ڕووبەڕووی بێ هیوایی و گومان بووە.

حیزبی بەعس سەراپا گوندەکانی سەر سنووری ئێران / عێراقیان خاپوور کرد.جوتیارەکانیان گواستەوە بۆ ئوردوگاکان خەڵکەکە لەو زیندانەدا بێ ئیش و کار مانەوەو لە زەوییە کشتوکاڵیەکانیان دابڕان.بەعس چەندان دامو دەزگای ئیستخباراتیان دامەزراند.بە زۆر خەڵکیان دەکرد بە بەعسی.سیمای پەیوەندیو بەها کۆمەڵاتیەکانییانی کوردەوارییان پچڕاند شیرازەی خانەوادەیان لەبەر یەك هەڵوەشاندەوە هەر ئەو دەمانە چەند فەرماندەیەك و پێشمەرگەی ئەیلول و لەگەڵ چەند سەرۆك خێڵێکدا بوون بە مەفرەزەی تایبەتی، جاش گوند بە گوند،سەراپا نشێوو گردو گردۆڵکە و ناوچە جیاجیاکانیان کێوماڵ دەکرد بەدوای پێشمەرگەی مەفرەزە سەرتاییەکاندا دەگەڕان.

ئەو سەر دەمانە ناوبانگی چەندان جاش بەکاری دڕندانە بەرامبەر بە پێشمەرگە و ئازاردانی جوتیارەکان و تالأن کردنی گوندەکان بلأو بۆوە، چەندان فەرماندەی وەك ((سیروان تالەبانی و حەمە غفور ئاغجلەری و ئارام وشەهیدملازم سەید کریم و مامە ڕیشەیان)) بەپێی زەمەنە جیاجیاکان لەو پلان و نەخشە دڕندانەدا، شەهید کرد.

لە مانگی ئەیلولی سالی ۱۹۸۰ کە شەڕی ئێران /عێراق

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

هەڵگیرسا،صدام سەراپا هێزە مرۆییەکان عێراقی لە بۆتەی سوپاکەی و دام و دەزگاکانی ئەمن و ئیستخبارات و تەواری و فەوجی ئەفواج خەفیفە و سریە و مەفرەزەی تایبەتی و جەیشی شەعبی دا کۆکردەوە.

لە ٢٩ /٣/ ١٩٨٧ دا صدام بڕیاری ((١٦٠)) ی دەرکرد هەموو دەسەڵاتی ڕەهای خۆی بەخشیە ((علی حسن مجید)) ئەویش لە ٣٠ /٣/ ١٩٨٧ دا بڕیاری جینوساید کردنی مرۆڤی کوردی لە پرۆسەی ئەنفال دا بۆ سوپا و جاش و سەرجەم دام و دەزگاکانی دەرکرد کە لە ٢١ /٢/ ١٩٨٨ تا ٦ /٩/ ١٩٨٨ فەیلەقی یەك و فەیلەقی پێنج و تەواوی تەصنیع عەسکەری هەموو دام و دەزگاکانی ئەمن و ئیستخبارات و مخابرات و جەیش شەعبی و فەوجەکانی بەرگری نشتمانی و فەوجی تایبەتی جاشەکان پەلاماری تەواوی ئەو ناوچە ئازاد کراونەیان دا کە لە ژێر دەسەڵاتی هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا بوون،خەڵکەکەیان دەستگیر و بێ سەرو شوێن کرد گوندەکانیان خاپورو هەموو کەلوپەلەکانیان تاڵان کرد.

ئەو سەردەمە ((صدام حسێن و عدنان خیرالله و عەلی حەسەن مەجید و نزار خەزرەجی و بارق حاجی حەنتە سەرۆکی فەیلەقەکان و مستەشارە کوردەکان)) لەسەر یەك بەرنامە و نەخشەی دیاری کراو هەموو توانایەکانیان خستە گەڕ کە چۆن ژن و منداڵ و گەنج و پیر و پیاوی کورد

دەستگیرو دواتر شوێن بزریان بکەن ئەوەتا عەلی حەسن مەجید ١٥ی نیسان ١٩٨٧ ئەڵێت:(هاوینی داهاتوو نابێت هیچ گوندێك لێرە و لەوێ بمێنێت لە ئێستاوە ئارد و شەکر و نەوت و کارەبا نادەم بەو گوند نشینانە)) من ناوچەی گەورەو فراوان قەدەغە دەکەم ، نایەڵم کەسیان تیدا بمینێت ، گوایە چییە ئەگەر ئێمە تەواوی ئەو حەوزە قەدەغە بکەین لە قەرەداغەوە بۆ کفری و بۆ دیالە بۆ دەربەندیخان بۆ سلێمانی ئاخر ئەم حەوزە کوێی چاکە،ئێمە تا ئێستا چیمان لێیانەوە دەست کەوتووە.

جلال تاڵەبانی داوای لێکردم کە ناڵێکی پەیوەندی تایبەتی لەگەڵیاندا بکەمەوە ،ئەو ئێوارەیە من چووم بۆ سلێمانی بەچەك و کەرەسەی تایبەتی لێم دان ئەمە وەڵامی من بوو .من بە مستەشارەکانم ڕاگەیاندوە کەوا ڕەنگە بڵێن گوندەکانی خۆمانمان خۆش گەرەکە،نامانەوێت بەجێیان بێڵین من پێم وتن من ناتوانم دەست بەر داری گوندەکانتان بم بە چەکی کیمیاوی لێیان دەدەم، ئەو کات خۆتانو خێزانەکانتان تیا دەچن چونکە من ناتوانم پێتان بڵێم کە چ ڕۆژێك بە چەکی کیمیاوی لێتان دەدەم من هەموویان بە چەکی کیمیاوی تاق بڕ دەکەم ،بزانم کێ قسە دەکات،کۆمەڵێ نێو دەوڵەتی لە کۆمەڵەی نێو دەوڵتی بەم لە وانەشی گوێی لێدەگرن.

ئـــەگـــەر لاپـــەڕەکـــانـــی ڕۆژنـــامـــەی (( الثوره ،هاوکاری،عێراق ،ئەلف بـاو وڕەنـگین و نـەوروز)) هەڵ بـدەینـەوە چـەنـدیـن(سـتـون ،نـوسـین،هـەواڵ.ڕاپـۆرتـە هـەواڵ ،ڕیـپـورتـاژ،دیـداروبـروسـکـەی پـیرۆزبـایـی ئـەنـفـال) دەبینین .

لێرەدا باپێکەوە ئەو بابەتە ڕۆژنامەوانییانەی کە ڕۆژنامـە نووسە بەعـسییەکان لـەکاتی هێـرش و پـەلاماری گوندەکانـدا لەلایەن سوپای عێراق و جاشـەکانەوە وەك کارێکی مەیدانـی ئەنجامیان داوە بخوێنینەوە سەدان بابەتی پڕ لە مەرگـە سـات دەبینین جگە لەو قسە و بابەتانـەی کـە فەرمانـدەی سـوپای عێراق و ئەو مستەشار و ئـامر سـریانە دەبینـین چـۆن لـەناو گونـدە ڕوخاوەکانـدا وەسـتاون لـەو کاتـەدا کـە ژن و منـاڵ و پیاوی ئەو گوندانە دەزگیر کراون و سـواری ئیڤـای عەسـکەری دەکرێن ،ئەوان لـە خۆشـی تالأنیـدا بروسـکەی پیرۆزبـایی بـۆ ((حفیظه الله )) دەنێرن چەند بـە لـە خوباییبونـەوە هەسـت بەسـەر کـەوتن و ئازایـەتی دەکـەن.ئـەو هـەموو ژن و پیـاوو منداڵأنە کە هـاووڵاتی سـادەی گوندنـشینەکانن بـە تێکـدەر و خـائین و عـەمیلی ئێـران دەدەنـە قەڵـەم هـەموویان بەکافـر پێناسـە دەکـەن بـۆ ئـەوەی پروسـەی ئـەنفالیان بەسـەردا جێبـەجێ بکـەن. ئـەوەی مایـەی تێڕامانـە مستەشـارە جاشـە کوردەکـان خۆیـان بـە تێکۆشـەر و نـشتمانپەروەر و دڵـسۆزی

نەتەوەکـەیان دەزانـن کـە ڕسـتە کانیـان و دیـدارەکانیانم خوێندەوە ئەو وتەیەی مۆسۆلۆنیم بیر کەوتـەوە کە دەڵێت: (درۆبکە...درۆبکە تا بڕوات پێبکەن)) دەبێت ئێستا کـەس و کاری ئەنفالەکان لـە بـەردەم قسەی ئـەم مستەشارانەدا چی بڵێن؟! لە کاتی ڕاپەریندا بەرەی کوردستانی لێبوردنـی گشتی بـۆ ئـەو هـەموو مستەشـار و ئـامر سـریە و فەرمانـدەی مـەفرەزەی تایبـەتی و ڕەفیـق حیزبـی و نـصیری متقـدم و جاسوس و خۆفرۆشانە ،دەرکرد.

جێی داخە بە هۆی هەل و مەرجی نائاسایی دوای ڕاپەرین حیزبەکان باوەشیان بۆ ئـەو تاوانبارانـە کـردەوە زۆر پۆسـتی گرنگیان پێ دان هەندیکیشان خرانە پێش پێشمەرگە دێریـن و هەرە ماندوە کانیشەوە .

ئێستاش هەندێکیان دەیانەوێ هەمان هەنگاوی خیانەت لە مێـژووی خیانەتیانـدا دووبـارە بکەنـەوە بەمـەش خۆیـان و سەنگ و بـەهای لێبوردنەکە دەسـڕنەوە ، مـەرگێکی حەتمـی خۆفرۆشی بۆ خویان هەڵ دەبژێرن.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە ئەو سەرۆك جاشانەی تاوانـی زۆر گـەورەیان کـردوە وهەسـت بـە تاوانبـاری خۆیـان ناکەن.کەس وکاری ئەنفالەکان سکالاْیان لە دادگا لەسەر تۆمار بکەن ، بۆ ئەوەی بخرێنە قەفەزی تاوان و خیانەتەوە ببن بە پەند بـۆ مێـژووی پـڕ لـە مەرگە سـاتی گەلەکـەمان و چیتر

تـاوانی خیانــەت و جاشـایەتی بــۆ هــەتا هــەتا یــە ســەر هەڵنەداتەوە، ئەو مستەشارانە لـەو هەلو مەرجـەدا لەلایـەن حیزبەکانــەوە عــەفو کـران کـەس و کـاری ئەنفالـەکان مافـی ڕەوای خۆیانە ڕەخنە لە حیزبەکان بگرن و ئـەو خائینانـەش وەك صدام و عەلی حەسن مەجید ڕوبەڕووی دادگا بکرێنـەوە بـا لـەم لاپەڕانـەی ((هاوکارییـەوە) بـزانین مستەشارەکان لـە کـاتی ئـەنفال دا چییان وتـوە بـا قسەکانی خۆیـان بخەینـە ڕوو،ئەمجا کەس و کاری ئەنفالـەکانیش قسەی خۆیـان بکـەن هەڵوێـستی خۆیـان لـەو سـکالاّیانەدا بـۆ دادگا بخەنـە ڕوو بـۆ ئەوەی لەمـە زیـاتر مستەشـارەکان لـە خۆیـان و تاوانـەکانیان ڕازی نەبن درێژە بە خیانەت نەدەن.

**عمید مزعل الحمداوی فەرماندەی هێزی بدر**

لـە ئـەنفالی یـەك دا سـوپای عێـراق و گەلـە جـاش بـە پاڵپیشتی تەکنەلۆژیای سەربازی لە ٢١ /١٩٨٨/٢ تا ١٨ /٣ /١٩٨٨ پـەلاماری دۆڵی جافایـەتی و مەرگـەی دا، هێـزی پێـشمەرگەی یەکێتی نـشتمانیی کوردسـتان نزیکـەی مانگێـك بـەو چـەکە سـادەیەی لەگـەڵ ئـەو سـوپا گەورەیـەدا بـەرگری کـرد و لـە ١٨/ ٣ /١٩٨٨ کشانەوە،لە ژمارە ٩٦٠ ی ٢٤/ ٣ /١٩٨٨ ی هاوکاریدا بابـەتێك بەناونیـشانی زکریـات محمـد حـسن لەسـەر گرتنـی بارەگاکانی سەرگەڵوو بەرگەڵوو بڵاوکراوەتەوەو دەڵێت:-

لە کاتێکدا کە نەورۆز بە پۆشاکی بەهارییە سـەوزەکەیەوە

سەر لە کوردستانی ڕەنگین دەدات لەوێ چەند مژدەیەکی خێر هەبوون بە ئێمە دران ، ئەویش هەواڵەکانی سەرکەوتنەکانی هێزە چەکدارەکانمان و فەوجەکانی بەرگری نشتمانی بوون بەسەر بەکرێ گیراوانی ئێران، کە لە ڕەگ و بنچینەوە خیانەتکاران پاککرانەوە هەروەها دەستگرتن بەسەر بنکەکانی جلال تاڵەبانی خیانەتکاردا. ڕۆژنامەی هاوکاری یەکەمین کەس بوو گەیشتە سەرگەڵوو بەر گەڵوو.

لەناوچەی عملیات لە سەرگەڵو چاومان بە عمیدی پاڵەوانی هێزی تایبەت علی حسین مزعل الحمداوی فەرماندەی هێزی ((بدر الکبری)) کەوت کە تا ئێستا ٦ مەدالیای ئازایەتی وەرگرتووە وتی :

جەنگەکە بە دوو قوناغ لە ناوچەی سەرگەڵوو بەرگەڵوو دا ٢٥ /٢٦ی شوباتی ١٩٨٨ وە دەستی پێکرد پاش نیوەڕۆی ١٩ /٣ /١٩٨٨ کوتایی پێ هات یەکەمین قوناغی داگیر کردنی گوندی سورداش و ((عمر)) بەرزایی ١٥٧ و بەرزایی ١٣٤٧ لەم قوناغەدا کونترۆڵمان کردە سەر شەدەڵەی خواروو سەروو.

لە دووەم ڕۆژی کارەکەدا کارمان بۆ ئەوە کرد بچینە شەدەڵەی خواروو لە جەنگێکی دژواردا لە نیوان هێزەکانمان و دوژمندا زیانێکی زۆری سەرو گیانییان لێ کەوت، سەرەڕای دوو فەرماندەیی تیپ و ژمارەیەك دیل ،ئاگری چەکەکانمان لە هەموو شوێنێکدا بەدوویان کەوت ،هەندێکیان بۆ دەرەوەی

سنوور هەڵ هاتن ،بەرزاییەکانی(( ١٥٥٥ ))و ((٥٢٥٥)) کە لە بەرزاییەکانی لای ڕاستی لەلای ئەو ڕێگایەوە دەگاتە سەرگەڵوو کە بەسەر گوندی هەڵەدندا دەڕوانێت داگیر کران.لە هەمان کاتدا دوژمن هێزێکی تری نارد بۆ وەرگرتنەوەی لای چەپی ئەو ڕێگایەی بەرەو سەرگەڵوو بەرزایی ((٦٤٩)) دا دەڕوانێت پاشان چەند جەنگێکی دژوار بەهەموو چەکێك پشتگیری لە کارەکانمان کرا لەوانە چەکی قورس و مام ناوەندی و تانك ، ڕەتڵەکانمان توانی کونترۆڵی بەسەر لای ڕاستی سەرگەڵوودا بکات.

یەکێك لە فەوجەکانمان بەرەو بەرزایی ((١٥٥)) و ((١٢٥٥)) ڕۆیشت کە بەتەواوی کۆنترۆڵی بەسەردا کراو سەرگەڵوو، و گوندی هەڵەدن کەوتنە دەست جەنگاوەرە دلێرەکانمان .

سەبارەت بە ڕۆڵی فەوجەکانی بەرگری نشتمانی عمید علی وتی : (لە هەمان شەوی جەنگەکەدا جەنگاوەرەکانی فەوجەکانی بەرگری نشتمانی بەرەو گوندی بەرگەڵوو نێرران بە تەواوی کۆنترۆڵیان کرد. لەلایەن دوژمنەوە بەر هەڵستییەکی توند بۆ گێڕانەوەی بنکەکانیان بەرامبەر بەفەوجەکان کرا بەلاّم لە بەرامبەر خۆڕاگرتن و پاڵەوانێتی جەنگاوەرانی فەوجەکان دوژمن نەیتوانی هیچ شتێك ئەنجام بدات ،نەیان توانی کوژراوانی خۆیان لە گۆڕەپانی جەنگەکەدا بگوێزنەوە چەك و ئامێر و ئۆتۆمبیلەکانیان بەجێ هێشتبوو.

پاش پاککردنەوەی گوندی بەرگەڵوو بروسکەمان بۆ سەرکردایەتی سیاسی نارد بەکۆتایی هاتنی جەنگەکە بەسەرکەوتنێکی دیار.

کتێبی بیرەوەری هۆشیاری

عمید علی وتی: (هاریکاری لە نێوان ئێمە و فەوجەکانی بەرگری نشتمانی زۆر دیار و ڕێك و پێك بوو، تێیدا فەوجەکان لە ڕۆڵەکانی گەلی کوردی خۆشەویستمان قوربانیەکی مەزنیان بەخشی ئەمانە ناوی ئەو فەوجانەیە کەلەو جەنگەدا بەشداریان کرد .فەوجی ٣٦,٥١,٩٦,٨١,١٠٩,٣٧,٢٣,٢,٥,٢٠.کە ١٠ فەوج بوون)).

**ڕاوێژکار ابراهیم علی حاج مەلۆ مزوری ڕاوێژکاری فەوجی ٢٠**

بەو پەڕی لێهاتوییەوە وتی : لە شەوی ١٨ /١٩ی ٣ /١٩٨٨ جەنگاوەرانی فەوجەکەمان لە بنکەی خۆیانەوە بە بەرزایی ((١٥٥٥)) کە دەکەوێتە زنجیرە چیای سورداشەوە لە ژێر فەرماندەیی ڕاستەوخۆی فەیلەق بە یارمەتی دانیان کەوتنە ڕێ لە هەمان ڕۆژدا توانیییان ئەو بەرزاییە داگیر بکەن کاتێکیش فەرمانمان لە فەیلەقەوە پێگەیشت کە بەرەو سەرگەڵوو بچین لە هەمان ڕۆژدا پاش جەنگێکی دژوار فەوجەکەمان توانی بچێتە نێو گوندەکەوە جەنگاوەرەکانمان توانیان ژمارەیەکی زۆر چەتە گەرەکان بکوژن لاشەکانیان لەناو گوندەکەدا بەجێ ماوە و دەست بەسەر چەند چەکێکی

سووك و مام ناوەندی‌و هاوەنی ((٩٨٢ ملـم)) و دوو ڕەشـاش و دۆشكەدا گیرا دواتر ڕوومان كردە بەرگەڵوو جەنگێكی پـتر لـە چـوار سـەعات ڕویـدا فەوجەكـەمان توانـی بـچێتە نـاو گوندەكەوە و دەست بەسەر ئیزگەكەدا گیرا..

ئـەم سـەركەوتنە بەیاننامـەی ژمـارە ((٣٠٨٧)) لـە ڕادیـۆ خوێنرایەوە لە گوندی((سەرگەڵوو و بەر گەڵوو))((١)).

### جەنگاوەری پاڵەوان ئەسعەد جهانگیر ڕاوێژكاری فەوج

كـە سـێ مـەدالیای ئازایـەتی لـە جەنگـەكانی گـردە مەنـد و پێنجوێن و چوارتا پـێ بەخـشراوە وتـی : (فەوجەكـەمان لـە سـەرەتایی شـەڕەكەوە بەشـداری كـردووە بـۆ داگیركردنـی گونـدەكانی ناحیـەی سورداش گونـدی سـەرگەڵوو شـەدەڵە ، بنكەی خائینان و بەكرێ گیراوانی ڕژێمی داخ لـە دڵـی ئێـران، دەسـتمان بەسـەر عـەمباری چـەك و ئازوقـەی تـردا گـرت زیانێكی زۆرمان لە دوژمن دا.

بـەم بونەیـەوە پیرۆزبـایی لەسـەرۆكی فەرمانـدە صـدام حـسین‌و سـەربازە پاڵەوانـەكانی هێـزە چـەكدارەكان دەكـەم سـلاوی خوشەویـستی بـۆ هـەموو جـەنگاوەرانی فەوجەكـانی بەرگری نشتمانی كە بەو پەڕی شكۆمەندییەوە دژ بە دوژمـن جەنگان.((٢)).

لـە ژمـارە ((٩٦٥))ی هاوكاریـدا ئامـاژە بـەوە كراوەكـە

سەربازانی سەرەکی فەرماندە صدام حسین و هێزەکانی بەرگری نشتمانی لە کوردستانی عێراق پێکەوە لە ناوچەی قەرداخیشدا داستانێکی نوێیان نەخشاند توانیان بە تەکنیکی سەربازی خێرا ئەو بنکە و بارەگایانەی لە ناوچەی قەرەداغی سەر بە پارێزگای سلیمانی لە ژێر دەسەڵاتی خیانەت کاران و خۆفرۆشانی گەلی کورد خاوێن بکەنەوە و جارێکی تر بیخەینەوە ژێر سایە و شەکانەوەی بەیداخی عێراقی.

با لێرەوە بڕوانینە ئەو چاو پێکەوتنانەی ڕۆژنامەی هاوکاری کە لەگەڵ ژمارەیەك جاشەکاندا کردویەتی .

**جەنگاوەر مامند حمد مولود گەردی ڕاوێژکاری فەوجی ٥١ی بەرگری نشتمانی**

وتی : (ئەم سەرکەوتنە مێژووییەی کە سەربازانی سەرۆکی فەرماندە صدام حسین بە هاوکاری جەنگاوەرانی بەرگری نشتمانی بەدەستیان هێناوە و پێکەوە توانرا بارەگای خیانەتکارانی گەل و بەکرێگراو جلال تاڵەبانی لە ناوچەی قەرەداغ و گوندەکانی دەوروبەری دا خاوێن بکەینەوە و بۆ خۆی ئەمە دوپاتی پتەوی برایەتی و دۆستایەتی نێوان کورد و عەرەب دەکاتەوە ،هەر بەم بۆنەیەوە وتی بەڵێن و پەیمانی پیاوەتی خۆمان و هەموو عەشیرەتەکەمان بۆ سەرۆکی فەرماندە صدام حسین نوێ دەکەمەوە کە هەمیشە ئامادەیی گیانفیدائی ئەم خاکی نشتمانی عێراقە بین جەنگاوەرانی

فەوجەکەمان ئەرکی سەرشانی خۆیان بەووردی ڕاپەراند و ئەو ئامانجەی بۆیان دەست نیشان کرا بوو بە چاکی توانییان بیگەنێ .((٣))

کتێبی بیروهۆشیاری

**جەنگاوەر کیسرا محەمەد سەعید جاف ڕاوێژکاری فەوجی بەرگری نشتمانی**

وتی : (کاری ئەنفالی دووەم خۆی کاری ئەنفالی یەکەم تەواو دەکات وە ئەمەش بۆتە مایەی سەربەرزی جەنگاوەرانی کورد چونکە هاوبەشیەکی کاریگەر و ڕاستەوخویان لە جێبەجیکردنی ناوەڕۆکیدا کردوە، ئەمەش هەر دەبێت بەردەوام بێت هەتا هەموو بن بەرد و تاشە بەرد و ئەشکەوتەکانی کوردستان لەو خۆ فرۆشانە پاکژ دەکەینەوە ئێمەی کورد لەم هەلۆێستەدا جارێکی تر بۆ سەرۆکی فەرماندەی سەرکەوتوو صدام حسین و سەرکردایەتیە مێژوویەکەمان سەلاند کە دۆستی گیانی بە گیانی برای عەرەب و پیاوی تەنگانەی ئەم نشتمانەین ، ئەمەش دیارییەکی گەلی کورد بوو لە جەژنەکانی نیساندا پێشکەش بە سەرەکی فەرماندە صدام حسینی کردوە هەموو دۆستێك دلنیا دەکەین،گوێی دوژمنان ڕادەکێشین ،دەبێت بۆن و بەرامەی خیانەتکاران لەم نشتمانە نەیەت،بڕای بڕای تۆبە بە دوژمن بکەین کە ئیتر بیر لەوە بکاتەوە جارێکی تر پێ

بخاته ئەم دیوی سنورمان ))(٤))

**جەنگاوەر کریم علی عزیز فەرمانـدی سـریەی ٧٥ی بـەرگری نـشتمانی** وتـی : ((بـە هـەوڵ و کۆشـشی هـەموو جـەنگاوەران بەیارمـەتی خـوای گـەورە توانیمـان ئـەو ئەرکـە مێژووییـەی بـەرەو ڕومـان کرابـوەوە لـە کـاری ئـەنفالی دوەمـدا بـۆ پاکـژ کردنی ناوچەی قەرەداغ جێ بەجێ بکەین)).

**جەنگاوەر محمد صالح قادر سلیمان فەرماندەی فـەوج** وتـی : (( بەم شێوەیە ژیان و گوزەرانمان جارێکی تر بـۆ ناوچـەی قەرەداغ گەڕاندەوەو بەمەش ئاسۆیەکی نوێ لە کوردسـتان کرایەوە دوای ئەوەی توانیمـان سـەری خیانـەتکارانی گـەلی کورد و دوژمنان بپەڕێنین )).

**جەنگاوەر قاسم فارس تاهیر ئاغـا ڕاوێـژکاری فـەوجی ٨٥ ی بەرگری نشتمانی سـەرۆکی عەشـیرەتی غـەفوری** وتـی : ((ئـەم داستانەی دووەمی ئەنفال وەك چیا سەرکەشەکانی کوردستان هەر دەمێنێتەوە و لە مێژووی گەلی کوردماندا دەبریسکێتەوە شـانازی هەموانـە،بـەو هۆیـەوە پارچـەیەکی تـری ئـازیزی کوردسـتان لـە دەسـتی ناحـەزان و خۆفرۆشـان ڕزگـار بکـەیـن توانیمـان هـەتا هەتایـە هـەموو خەونـە بـۆ گەنـەکانی جلال تاڵەبانی زیندە بە چاڵ بکەین هەر بەم بونەیـەوە هەڵوێـستی خۆمـان بـۆ سـەرۆکی فەرمانـدە صـدام حـسین دوپـات

بکەینەوە))..

**جەنگاوەر ئەکرەم فەتاح موسی یاریدەدەری فـەوجی بـەرگری نشتمانی** پیروزبـایی لـە جـەنگاوەرانی داسـتانی کـاری ئـەنفالی دووەم کرد سەبارەت بە خاوێن کردنـەوەی ناوچـەی قـەرەداغ لە چنگ هەموو بەکرێ گیراوان.

**جەنگاوەر عومـەر محەمـەد مـامۆیی ڕاوێـژکاری فـەوجی ١٤ی بەرگری نشتمانی** خوی و جەنگاوەرانی فەوجەکەی پیرۆزبایی لە سەرۆکی فەرماندە و هەموو گەلی کورد کـرد سـەبارەت بـە خاوێن کردنـەوەی ناوچـەی قـەرەداغ،دوبـارەی کـردەوە خـۆی جـەنگاوەرانی فەوجەکەی هـەتا خـوێن لـە بـەدەنیان بگـەڕێ دوژمن بڕەتێنن هەموو کوردستان پاکژ بکەنەوە.((٥))

**جەنگاوەر محمد حاجی حسین ڕاوێـژکار** وتـی: (ڕزگارکردنـی خـاکی ئـازیز لـە فـاو لـە ماوەیـەکی زۆر کـەم داو دەرکردنـی دوژمـن لــە ناوچــەی شــەلە مــچەو وەرگرتنــەوەی ئــەو بەرزاییانـەی ناوچـەی کوردسـتان باشـترین بەڵگـەی بـەهێز و توانای سەربازان و جەنگاوەرانی ئەم وولاتەیە بـەم بۆنەیـەوە گەرمترین پیرۆزبایی لە هەڤاڵی تێکۆشـەر کـاك صدام حـسین خــوا بیپــارێزێ بــەناوی خــۆم و هــەموو جەنگاوەرانــی فەجەکەمـەوە بـەڵێنی دڵسۆزی گیـان بـەخت کـردن دوبـارە دەکەمەوە کە هەمیشە سەربازێکی بەوەفا بـین بـۆ پارێزگـاری کردنی خاکی عێراقی کورد و عەرەب((٦))

**شـیخ محمـود سـید گـول مستەشـاری فـەوجی ١٣٧** وتـی :

((فەجەکەمان فەوجی ١٣٧ لە عەشیرەتی کارێزە پێکهێنرا کە ژمارەی جەنگاوەرەکانی ٢٥٠٠ جەنگاوەر زیاترەو تا دێت ژمارەیان لە زۆریدایە ڕۆژانە ٥٠ کەس داوا دەکەن بەجەنگاوەر تۆماریان بکەین ، گرنگترین و یەکەمین جەنگ کە بەشداریمان تێدا کرد لە کەرتی ناوچەی کارێزە و قەردەاغ و سەنگاو دوکان و گۆپاڵە کە زیانێکی گەروەو سەرو ماڵمان داوە لە دوژمن.

ئێرانی دوژمنکار هیوایەکی بە ناپاکان بەست بوو بۆ بەجێ هێنانی ئاواتەکانیو دەست بەسەرا گرتنی لووتکەی شاخێك یان لەپێ خۆڵ بەلاّم نەبەردەکانی ڕۆڵەکانی کوردستانی بەشەرەف و وەفاداران چاویان وەك بازێکی ئامادەبوو لە جموجۆڵەکانی دوژمن بوو توانیمان بەیەك هێز و یەك هەناسەوە لە تەوقی سەری دوژمن بدەین و بنکەکانیان تێك و پێك بدەین لە سەرگەڵوو و بەرگەڵوو قەرەداغ ،من و عەشیرەتەکەم بەڵێن دەدەین بەسەرۆکی فەرماندە کە هەمیشە ئامادەین بۆ پێشەوە هەنگاو نان شان بەشانی جەنگاوەرەکانمان لە هێزە چەکدارە نەبەردەکانمان.(( ٧)).

**شێخ ساڵح ئەحمەد گەلاّلی مستەشاری فەوجی** ١٦٢ وتی :

(لە ١ /٦/ ١٩٨٧ فەوجەکەمان پێك هێنراوە لە هێرشەکەی

چـوارتا بەشـداری کـردوە،لەلایـەن سـەرۆکی فەرمانـدەی بەڕێزەوە بە فەوجێکی ڕەسمی دانرا.

فەوجەکـەمان بـەدەوری خـۆی هەسـتا لـە هەڵوەشـاندن و لێدانی بنکەکانی ناپاکان و خیانەتکاران و زیانی گەورەیان لە دوژمن دا توانیمان ١٨ گوند داگیر بکەین ،کە بنکەی ناپاکانی لێ بوو،پاش ئەمە چوینە گوندی قـەرەداغ لە پاشان کەرتی بازیـان و هەڵـەت و چـیاکانی هـەنجیرە ،پیرۆزبـایی بـەرز دەکەمەوە بۆ سەرۆکی فەرماندە صدام حسین فـەرمانڕەوای سوپایی بە بۆنەی سەرکەوتنە جوانەکانی ((ئەنفال)) .

سوێند بێت هەمیشە دڵسۆز و وەفادرا بـین بـۆ خـاکی ئـەم نشتمانە،دژی دوژمنان بجەنگین هەتا گەیشتن بەسەر کەوتنی تەواو..((٨))..

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## سەرچاوەکان:


1. ژمارە ٩٦٠ ی هاوکاری ٢٤/ ٣/ ١٩٨٨.
2. هەمان سەر چاوە..
3. ژمارە ٩٦٥ هاوکاری.
4. هەمان سەرچاوە.
5. هەمان سەر چاوە.
6. ژمارە ٩٨٦ هاوکاری.
7. ژمارە ٩٦٦ هاوکاری.
8. هەمان سەر چاوە.

مەکتەبی بیروهۆشیاری

## مستەشارەکان

## مێژوو لە هیچ خائین وتاوانبارێکی ئەنفال نابووری، کەی کەس و کاری ئەنفالەکان سکالاَ لەسەر مستەشارەکان لە دادگا تۆمار دەکەن؟

## بەشی دووەم

١٨ ساڵ بەسەر تراژیدیای ئەنفال دا ڕابوردو مانگ و نیوێکە صدام و عەلی حسن مجید و دەست و پێوەندەکانیان لە قەفەزی تاواندا لە دادگای باڵای عێراقدا دادگایی دەکرێن دیمەنەکانی ئەم دادگایە لە میدیاکانەوە دەگەنە هەموو ماڵێکی عێراق و وڵاتانی جیهان .

دەبێت ڕوناکبیرانی عەرەب بەرامبەر ئەم تاوانبارانە چی بڵێن چ هەڵوێستێك بنوێنن! ئەمانە ڕۆڵەکانی گەلی کوردی عێراق بکەن بە کافر و بەکرێگیراوی خومەینی بۆ ئەوەی شەرعیەت بدەن بە کارەکانیان ئەو دادوەرانەی کە پارێزگاری لە صدام و تاوانی ئەنفال و کیمیاباران دەکەن ، لە بەردەم چیرۆکی پڕ لە مەرگەساتی سکاڵاَکاران دا هەست بە کەمی بێ

دەسەلاّتی خۆیان دەکەن بۆیە بەناچاری پەنا بۆ ئەو پرسیارە لاوازانە دەبەن کە هیچ وەلاّمێکی پڕ لەمانا نا بەخشن دەبوایە هەلومەرجی ئاسایی بۆ کەس وکاری ئەنفالەکان بڕەخسایە بۆ ئەوەی سکالاّ لەسەر مستەشارەکان تۆمار بکەن تا ئەوانیش وەك صدام و علی حسن مجید و هاوەڵەکانیان لە قەفەزی تاواندا ئەم وتانە بڵێنەوە کە لەم بابەتەی ئێستا دا دەیخوێنینەوە با باسی سەرکەوتنەکانیان بۆ گەلی کورد و عێراق بکەن با باسی بروسکەکانیان بۆ جەژنی لە دایك بوونی صدامو دەستگیر کردنی جوتیارانی گوندەکانی کوردستان و خاپور کردنی گوندەکان و دزی و تالاّنیەکانیان بکەن. ئەم ڕۆژنامەنووسە بەعسیانە و مستەشارەکان کە لەم ڕێپورتاژەدا تۆمار کراون کەرەسەیەکی باوەڕ پێکراوی دیارن بۆ دادگایی کردنیان با لەمە زیاتر بەرامبەر بە تاوان و خیانەتی مستەشارەکان بێدەنگ نەبین چونکە مێژوو ڕەحم بەکەس ناکات و لە هیچ خائین و تاوانبارێك نا بورێت..

با پێکەوە وتەی ئەم مستەشارانە بخوێنینەوە...

**فەوجی محمود حەمە رسولّ ئاغا**((نا هێڵین دوژمن دەست بۆ بۆڵە ترێیەکی ئەم قەد پالاّنە درێژ بکات ...خوا یار بێت دەستیان دەبڕینەوە ))((ئەم خاکەمان خۆش دەوێت خۆمانی بۆ بەخت ئەکەین))

ئەمە ناونیشانی ئەو ڕیپۆرتاژەیە کە لە لاپەڕە چواری ژمارە ((٩٦١))ی هاوکاری لەلایەن محمد هەمەوەندی یەوە ئامادەکراوە و دەڵی:-(لەکاتێکدا سەرمان لە جەنگاوەرانی ئەم فەوجە لەسەر لوتکەیەکی بەرزی ناوچەکەدا،هەر چەندە سەرکەوتنی ئەم لوتکەیە ئاسان نەبوو بەڕوویەکی خۆشەوە پێشوازییان لێکردین و خۆشحاڵییان دەربڕی کە وەکو هەواڵدەرە جەنگی و ڕۆژنامەنووسی گەیشتینە ناوچەکەیان کە وەکو قەڵایەکی بەرز بەر هەڵستی دوژمن دەکەن...

**ڕەسوڵ حەمە ڕەسوڵ ئاغا جێداری مستەشار** وتی:(ئێمە چەند دەمانەوێ بەسەر بەرزی بژین ..ئەوەندە سەرمان بۆ ئەم خاکە زێرینە دائەنێین و چەند خۆمان خۆش دەوێ ئەوەندە خاکی عێراقمان خۆش دەوێ وەك بەگلێنەی چاومان دەیپارێزین ، چونکە ئەمە خاکی باو باپیرانمانە و ئەمانەتی ئەستۆی ئێمەیە و لەسەر ئەم خاکە گۆش کراوین ،وەکو گۆش بونمان لە کۆشی دایکمان ..سوێند بێ بە گیانی پاکی شەهیدانی قادسیەی پیرۆزی صدام کە تۆڵەی خوێنی پاکیان لەو عەجەمانە بکەینەوە و لای پەرژینی خوشەویستیان لێ بکەینەوە گوڕستان و لاکە گلاوەکانیان بکرێنە خۆراکی دالاش.

ئێمە بەڵێن بۆ سەرۆکی خوشەویستمان کاك صدام حسین

خوابیپارێزی نوێی دەکەینەوە کە جێی باوەڕی بین،ئەم چەکە دانەنێین تا دوا سەرکەوتن بەسەر خومینیە ناکەس بەچەکەنا...

کتێبی بیروهۆشیاری

لە ژمارە ((٩٧٠)) ی هاوکاری لە ٢٨ /٤/ ١٩٨٨ ڕۆژنامەنووس محمد هەمەوەندی ڕێپورتاژێکی ئامادەکردوە بە ناونیشانی خێڵی((ئاکو))یش بەرگری لە نشتمان دەکەن .

**ئاکۆ عباس** دەڵێت :-جارێکی تر پەیمانی وەفاداری بۆ سەرکردایەتی شۆڕش،لە سەرەتا دا بۆ سەرۆکی خۆشەویست صدام حسین خوابیپارێزێت نوێی دەکەمەوە کە خۆم و جەنگاوەرانی فەوجەکەمان سەربازێکی دڵسۆز بین بۆ ئەم عێراقە مەزنەمان و تاکو دوا هەناسەمان چەکمان هەر رووی لە دوژمن دەبێ و مێشکیان دەهاڕین.

**دواتر جەنگاوەر حارس حسن-جێداری ڕاوێژکاری** فەوجەکە وتی:(لەسەر هەموو شەرفمەندێکی عێراقە بەتایبەتی هەموو کوردێکی بەشەرەف چەك هەڵگرێ نەخێر ئێمە هەر سەرکەووتین،بەڵام دوژمن مل لە چەقۆ ئەسوێ...

ئێمە پشتێنمان زۆر توندە و یەك لەسەر یەك بەستومانە، پشتوێنی پیاوەتی و پشتێنی مەردایەتی و جوامێری بۆیە پشت لە دوژمن ناکەین و سنگی هەمووومان قەڵغانی پۆڵاینە و گوللەی دوژمنی ناحەق کارمان لێ ناکات..

هاوکاری ...لە فەوجی ((١٧١)) ی بەرگری نشتمانی فەوجی

کاك ((**عومەرە بچکۆڵ**))

مەکتەبی بیروهۆشیاری

مستەشاری فەوجی ((١٧١)) کاك **عمر ئەحمەد** ناسراو بە عومەرە بچکۆڵ ئاوا بەڕاشکاوانە باسی ڕۆڵی خۆی و فەوجەکەی لە ئەنفالی یەك و ئەنفالی دوو دا کردوە و دەڵێت: (فەوجەکەمان شانازی بەوە وە دەکات لە هەموو بەرەکانی جەنگ و لە هەموو نەبەردەکاندا بەشداریەکی چالاکانەی کردوە لە تێك شکاندنی دوژمنان لە ناوچەکانی ((حاجی عمران و پێنجوێن وماوەت )) لە لاپەڕکانی مێژووی ئەم جەنگانەدا سەرکەوتنی گەورەو و بەشداری فراوانی فەوجەکەمانی تیا تۆمار کراوە لەو بەشە ئازیزانەی وڵاتەکەمان گەورەترین گوڕستانمان هەڵکەندووە بۆ ئەوانەی پێی پیسیان بخەنە ناوی ..لەم نەبەردانەی دواییشدا لە کارەکانی ئەنفالی یەك و دوو جەنگاوەرانمان بەشداریەکی فراوانیان کرد لێرەدا بۆ خۆشویستی کاك صدام حسین خوابیپارێزێ دووپاتی دەکەمەوە بەناوی خۆم و هەموو جەنگاوەرانی فەوجەکەوە کە هەمیشە ئەو ڕۆڵە دڵسۆزانەی خێڵەکە کە چەند فەوجێکی بەرگری نشتمانی پێك هێناوە خاکی پاکی نشتمان لە چاو چنۆکی ڕژێمی خومەینی ڕەگەز پەرست دەپارێزین...

**جەنگاوەر ئاکۆ عباس ئاغای ڕاوێژکار:**

ئێمە پەروەردەی ئەم خاکەین لە تاڵی‌و شیرینیدا بەرگری لێدەکەین

**محمەد** هەمەوەندی لە سەرەتای ڕێپۆرتاژەکەیدا ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە گەشتی ئەم جارەیان وەك هەواڵدەرێکی جەنگی بۆ ناوچەی ئاکۆ بووە باسی پان بەرینی ناوچەکەی کردوە کە عەشرەتی ئاکۆی تێدا ژیاوە کە بریتی بووە لە چیا و دەشت و دۆڵ و ڕوبار دانیشتوانەکەی بە چاندنی توتن و دانەوێلە و میوە هات و بەخێو کردنی مەڕ و ماڵات دەژین ،هەمەوەندی ئاماژەی بەوە کردوە کە چەند برایەك لە دوای عباس ئاغای سەر کەپکان بەجێ ماون سەرۆکاری ناوچەکە دەکەن چەند فەوجێکیان لە عەشیرەتەکەیان پێك هێناوە و بەرگری لە نشتمانی خۆشەویست دەکەن دژی ڕژێمی خومەینی کۆنە پەرست ..

**جەنگاوەر ئاکۆی عباس ئاغای سەرکەپکان** کە ڕاوێژکاری فەوجێکی بەرگری نشتمانیە ئەڵێ:

ئێمە پەروەردەی ئەم نشتمانە خۆشەویستەین دەبێ لە شیرینی وتاڵیدا زیاتر خزمەتی بکەین ئێمە بەرهەمی شۆڕشی ١٧/ ٣٠ ی تەمموزی مەزنمان خوارد ،بەڵام ئستیعمار پێی خۆش نەبوو شیرینی لە وڵاتەکەمان بەردەوامی بێت بۆیە هانی بەکرێ گیراوی کۆنە پەرستیان لە تاران دا تاوەکو تەوژم بۆ سەر عێراق‌و دەست کەوتەکانمان تاکو زیانمان پێ بگەینێ

ئێمەی کوردیش تاوەکو لەبەر تیشکی ئۆتۆنۆمی کوردستاندا نەژین ئیمپریالیزمی جیهانی ئەوەی دەوێ بەلام ئێمەی کورد و عەرەب بەو پەڕی تواناوە بەدڵ و گیان شۆڕشی تەمموز و ئۆتۆنۆمی کوردستان دەپارێزین خاکی زێڕینمان دەکەینە قەلایەکی بەرز و سنووری ڕۆژهەلاتمان دەکەینە گۆڕستان بۆ ئەو تەماح کارانە کە دەیانەوێت ئابڕومان بەرن ئەوەش تالە نەیخۆن ... عێراق بەکەس ناخورێت بۆ بیانی ژەهراوە...ئێمە قارەمانەکانی مێژوومان دەهێنینەوە بەر چاو کە چۆن عەجەمیان ژێر پێ دەخست ئێمە نەوەی ئەو قارەمانانەین ئەم ولاتەین بۆ بەرگری کردن پاراستنی وولاتی سەر بەرزمان بەهەلی دەزانم بەبۆنەی لە دایك بوونی سەرکردەی خۆشەویستمانەوە گەڕانەوەی ((فاو)) بۆ خاکی نشتمان جوانترین پیرۆزبایی ئاڕاستە بکەم..

**جەنگاوەر جلال حمە ئەمین ئیسماعیل ئامر سریە لە فەوجی (١٧١) بەرگری نشتمانی وتی:**

لەم ڕۆژەدا پیرۆزبایی یادی لە دایك بوونی سەرۆکی فەرماندە کاك صدام حسین خوابیپارێزی دەکەین جوانترین چەپکە گوڵ و نێرگزی خوشەویستی پێشکەش بەو سەرکردە مەزنە دەکەم خوا بۆمانی بهێڵێ .

**چیای ماکۆك و کوردە جەنگاوەرەکانی عەشرەتی خۆشناو**

ئەم ناونیشانەی سەرەوە ڕیپۆرتاژێکی تری محمد هەمەوەندییە لە سەرەتادا باسی جوانی و ناسکی و ڕۆمانوسی ئەو ناوچەیە دەکات دواتر ئاماژە بە ووتەی خاڵە ئەنوەری بەگزادە دەکات کە لەناو جەنگاوەرەکانیدا دەڵێت :

تاقیکردنەوەیەکی زۆرم لە ژیاندا هەیە بۆ ئەوەی بتوانم وەك سەرۆکی عەشیرەتی خۆشناو خزمەتی ناوچەکە و دانیشتوانی بکەم بەپێی  توانای لاوە خوێن گەرمەکانی وەکو کوڕەکانی خۆم بە نشتمانپەروەریێتی پەروەردە بکەم و ڕێگە بە هیچ ناپاکێك نەدەین پێ بخاتە ناوچەکەمان ئەوە بۆ ماوەی هەشت ساڵ دەچێت واتە لە کاتی دەست پێکردنی جەنگی قادسیەی پیرۆزی صدامەوە ئێمە چەکمان بەفراوانی لە ناوچەکەدا هەڵ گرتووە لەگەڵ کوڕەکانمدا هاوبەشی ئەم جەنگە پیرۆزە دەکەین دژ بە ڕژێمی خومەینی جا دوگەرە بە بۆنەی جەژنەکانی نیسانەوە ...جەژنی لە دایك بوونی پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب و جەژنی لە دایك بوونی سەرۆکی خۆشەویستمان صدام حسین خوابیپارێزێ پەیمانی وەفا نوێ دەکەینەوە کە هەمیشە سەربازێکی بە جەرگی نەبەزبین بۆ گەل و نشتمان‌و پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی قارەمانی خوشەویست صدام حسین دەکەین‌و هیواداریین  لە خوا داواکارین تەمەن درێژ بێت لە پێناوی سەر بەرزی گەل‌و

نشتمان ..

**رشید ئەنوەر بەگ بێتواتەیی** وتی: من و براکانم شان بەشان جەنگاوەرانی فەوجەکەمان شان لە شانی جەنگاوەرانی عێراق ناکەینەوە تا دوا دڵۆپی خوێنی پاکی لەشمان تێ دەکوشین چەك دانانێین.

**نەوزاد ئەنور بەگ بێتواتەیی ڕاوێژکاری فەوج** ئاماژەی بەوە کرد ئێمە پاراوی ئاوی بێ گەردی تاڤگەی چیای ماکۆکین کە بەشێکە لە چیا سەر کەشەکانی کوردستانی عێراق بۆیە ناترسین و کۆڵ نادەین من و جەنگاوەرانی فەوجەکەمان بەشداری شەڕێکی زۆرین توانیومانە بە پشتیوانی خوا بیان شکێنین سەر شۆڕیان بکەین هەمیشە ئامادەین خۆمان لە پێناوی ئەم خاکە پیرۆزەی عێراق بەخت بکەین خۆبەخت کردن لە پێناوی نشتماندا سەربەرزی یەو شەرەفمەندییە بۆ مرۆڤ.

**سەرهەد و هیمدادی ئەنوەر بەگی بێتواتە** وتیان :ئێمە لە باوەشی دایکمان کە عێراقی خۆشەویستمانە گۆش کراوین دایکیش هیوای بەو کوڕەیە کە ئابڕووی بپارێزێ و سەر بەرزی بکات لەناو دایکاندا ئێمە نەوەی شۆڕشی تەممووزین بۆیە چەخماخەمان بەتینە و دوژمن ئەسوتێنێ بە پشتیوانی خوا دەبێت چیای سەر کەشی هەورامان بکەینە گوڕستانی کۆمەکی بۆ ئەو دوژمنە خوێنڕێژانە کەوا پێی

گلاۆیان خستۆته سەر خاکی ولاتمان.

((هاوکاری)) لە فەوجی بەرگری نیشیمانیدا ..

**قاسم ئاغا** ڕاوێژکاری فەوجەکە :

ئێمە بەرگری لە خاکی نشتمان و دەست کەوتەکانی شۆڕش دەکەین .

ئەم ڕیپۆرتاژە لە لاپەڕە چواری ژمارە ((٩٧٢)) ی هاوکاریدا لەلایەن محمد هەمەوەندی ئامادە کراوە باسی ئەوەی کردوە کە چۆن چووە بۆ بەسەر کردنەوەی قاسم ئاغا و فەوجەکەی لە دامێنی چیای هەیبەت سوڵتان چەند وێنەیەکی جەنگاوەرەکانی گرتووە ..

جەنگاوەر **قاسم ئاغای غەفوری ڕاوێژکاری** فەوجەکە وتی :

ئێمە ئەم چەکەمان هەڵگرتووە بۆ بەرگری کردن لە خاکی عێراقی پیرۆز و دەستکەوتەکانی شۆڕشی ١٧/ ٣٠ی تەمموزی پیرۆز بە تایبەتی دەستکەوتەکانی گەلی کوردمان لە سایەی ئۆتۆنۆمی کوردستان هەچ فەرمانێکمان پێ سپێرابێ بەجێمان هێناوە بێ دوا کەوتن دوا فەرمانیش ئەوە بوو کە بەشداری شەڕی ئەنفالمان کرد بۆ ڕاونانی بەکرێگیراوانی خومەینی. جەنگاوەرەکانمان بەشداری پاك کردنەوەی گوندەکانی چۆخماخ و یاخسەمەر و چیای ئاسنگەران و گاپێلۆن. ئەوەش سەربەرزییە بۆ ئێمە کە خۆفرۆشان لەناو گەلی کوردماندا پاك بکەینەوە چونکە شورەییە بۆ ئەو



کتێبی بیروهۆشیاری

کەسەی لە خۆفرۆشان خۆش بێت بەم بۆنەیەوە سلاّوو ڕێزمان و پیرۆزبایمان ئاراستەی سەرۆکی فەرماندەی خۆشەویست صدام حسین خوابپاریزێ دەکەین دوو پاتی وەفاداریمان دەکەینەوە کە سەربازێکی بەوەفا و جەربەزە بین بۆ گەل و نشتمان..

**جەنگاوەر مەجید مەلا فەتاح یاریدەدەری فەوجەکە** وتی :

هێرشی ئەنفال بۆ سەر بەکرێ گیراوانی خومەینی جادووگەر دەرسێك بوو ئاراستەیان کرا لە ڕەگا هەلّکێشران ئێمە بەم بەشداری کردنەمان دووپاتی ڕەسەنێتیمان بۆ عێراقی خۆشەویست و سەرۆکی فەرماندە کاك صدام حسین دەکەینەوە تا دوا هەناسەمان لەگەلّ جەنگی قادسیەی پیرۆزی صدام داین .

**جەنگاوەر محەمەد عەلی بەشیری ئامر سریە** لە فەوج وتی :

سوێند بێ بە گیانی پاکی شەهیدە نەمرەکانی قادسیەی صدام بستێ ڕێگە نەدەینە ئەو خومەینیە خوماویانە پێی گلاّویان بخەنە سەر خاکی پیرۆز و پاکەکەمان هەمیشە وەك شێر هەلّ دەکوتینە سەریان تاکو دان بە ئاشتی دا دەنێن ..

**جەنگاوەر محەمەد ئەحمەد عبدالله ئامر سریە لە فەوجی قاسم ئاغا** وتی :

لە ناخەوە پیرۆزبایی ئاراستەی سەرۆکی خۆشەویست صدام حسین دەکەم بە بۆنەی جەژنی لە دایك بونیەوە بەم

بۆنەیەوە پەیمان وبەلێنی بۆ نوێ دەکەمەوە کە هەمیشە سەربازێکی وەفاداربم بۆ گەل و نشتمان و خاکەکەم بەگیان بیپارێزم شان بەشانی براکانم لە فەوجەکانی بەرگری نشتمانی و هێزی سوپای عێراقی خۆشەویست .

فەوجی هومەر ئاغای پشدەر..

ئێمە سەربازی وەفاداری سەرکردایەتی حیزب و شۆڕشین،.

**هومەر ئاغای پشدەر** ڕاوێژکار دەڵێت:

ئێمەی عێراقی لەسەر هەقین و خوا لەسەر هەقە خاوەن هەقی خۆش دەوێت ئێمە لەسەر پەیمانی خۆمانین کە سەربازێکی وەفاداربین بۆ سەرکردایەتی پارت و شۆڕش، هەموو دەمێ چاوەڕوانی فەرمانی سەرۆکی خۆشەویست صدام حسێن ین خوابیپارێزێ ..

**جەنگاوەر محمد هۆمەر یاریدەدەری ڕاوێژکار کە باوکیەتی** وتی :

بەختەوەرم کە توانیومە چەك هەڵبگرم ئێمە پڵنگی سەر چیا سەر کەشەکانی کوردستانین ئەوەی پەلاماری بستێ لە خاکمان بدا ئەوە دەبێ خۆی بە مردوو دابنێ چونکە لە گوللەی ئێمە قوتاری نابێت.

هاوکاری لە فەوجی ((ناصح هەورامی))

بەسەر و ماڵ بەرگری لە خاکی ولاّت دەکەین

**جەنگاوەر ناصح هەورامی** وتی :

هەر لە ڕۆژی دروست بوونیەوە بەشداریەکی فراوانی لە بەرەکانی جەنگدا کردوە بە هەموو هێزێکەوە بەر پەرچی دوژمنیان داوەتەوە زیانی گەورەیان لێ داون جەنگاوەرانی فەوجەکەمان دلێرانە لە بەرەکانی فەیلەقی دووەم و هەڵەبجەو کاری ئەنفالدا بەشدارییان کردوەو بونەتە جێگەی ڕێز لێنانی لێپرسراوان. بەناوی خۆم هەموو جەنگاوەرانی فەوجەکەمەوە گەرمترین پیرۆزبایی لە سەرۆکی فەرماندە کاك صدام حسین دەکەم بە بۆنەی جەژنی لە دایك بونیەوە لەم ڕێپۆرتاژەدا محمد هەمەوەندی بۆ گەشتێکی مەیدانی ڕۆژنامەنووسی ڕووی کردۆتە قەندیل باسی سروشتی جوانی قەندیلی کردوە کە هەموو چیاکان بە بەفر داپۆشراون لەوێ چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ جەنگاوەر ((عمر بابکر سلیم ئاغا)) دا کردوە کە جەنگاوەرەکانیان سەنگەرەکانیان بەتوندی گرتووە هوشیارن و ئامادەن لەو ناوچەیەدابۆ بەرەنگاری دوژمن دەڵێ:

دوژمن ئەو پیاوە نییە لێرەوە سەر هەڵ بدەن ئێمە نەك لەم ناوچەیەدا بەڵکو لە هەموو ناوچەیەکی بەرەی کوشتاردا ئامادەین خۆبەخت بکەین لە پێناوی خاکی عێراقی خۆشەویستدا ئێمە بەڵێن بۆ سەرۆکی دانامان صدام حسین خوابیپارێزێ نوێ دەکەینەوە کە سەربازێکی وەفاداربین بۆ پاراستنی وڵاتەکەمان ..

**لە ئەنفالی چواردا ..**

**هاوکاری چاوی بە کارەکانی پاککردنەوەی ناوچەی شوان و کەرتی کۆیسنجاق دەکەوێت لە بەکرێگیراون..**

کتێبی پەروەردەی شیاری

**ئەمە ناونیشانی ئەو ڕێپۆرتاژەیە کە ((زکریات محمد حسن)) لە لاپەڕە چواری ژمارە ((٩٧٥))ی هاوکاریدا لە ١٦ /٥/ ١٩٨٨/ بلاۆی کردۆتەوە لە ناو ڕێپۆرتاژەکەدا ئەم دوو مانشێتە دەخوێنرێنەوە ((سەر شۆڕەکان خۆیان دەدەنە دەستی هێزە چەکدارەکانمان و فەوجەکانی بەرگری نشتمانی )) ((دەست بەسەرا گرتنی ژمارەیەکی زۆر لە چەك و تەقەنی و بار هەلگرەکان و بلاۆ کراوە تایبەتیەکانی حیزبی بەکرێگیراو))**

**زکریات باسی مژدەی سەرکەوتنەکانیان دەکات لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆز ئەویش لە گەڕانەوەی فاو بۆ عێراق و باسی ئەو سەرکەوتنانەی سوپای عێراق و جاشە کوردەکان دەکات کە لە ئەنفالی یەك و دوو و سێ و چوار کە گوایە لە باکوری عێراق بەدەستیان هێناوە بە ژن و پیاو و منالۆ و پیری گوندەکان دەلێت بەکرێگیراوەکانی جلال تالەبانی،هەنگاوی یەکەمی لەگەلۆ عقید نعمت عبدالله هێزەکانی دووەم و ڕەتلێ دەیەمین لە هێزە تایبەتەکان و ڕەتلێك لە هێزی زرێیی بوو .**

**لەگەلۆ بەرە بەیاندا لە ناوچەی شوان ((شیوە سوور))**

دەستی پێکرد بەشێوەیەکی بەجەرگی دلێرانە گوندی ((تورکمان باخ و ئۆمەر مەندان و کاریزە)) پاك كرانەوە لە بەکرێگیراوان ، لە پاشان ئەو هێزانە ڕوویان کردە کەرتی کۆیسنجاق بۆ ڕزگار کردنی ناوچەی جەلە مۆرد و چنارۆك و دارە قوتە.

ناوچەی کۆیسنجاق و شیوە سوور و کەژی خالّ خالّ و گوندە نزیکەکان لە تیپی ٢١ی کرکوك کە خراپەکارانی تیا بوو لە شووعیەکان و ژمارەیان ((٥٠٠)) وێرانکار بووە لە ناو دانیشتوانی ئەم ناوچەیەدا هێزەکانمان توانیویانە لە هەموو لایەکەوە گەمارۆیان بدەن بەلاّم پێش گەمارۆ دانیان ژمارەیەکی یەکجار زۆریان بەرە و دەرەوە هەلّهاتن ئەوانی تر خۆیان بە دەستەوە دا ..

دواتر زکریات لە کەرتی کۆیسنجاق **شێخ روناك ابراهیم** مدحت داودی ڕاوێژکاری فەوجی بەرگری نشتمانی ((١٣٨)) دەبینێ کە یەکەم فەوج بوو گەیشتنە پاککردنەوەی دێهاتەکانی **شوان، شێخ ڕوناك** دەلێ:

بەشداریمان لە ئەنفالی دووەم و سێیەمدا کردوە ئەو پەڕی خۆشحالّین بە ڕزگار کردنی فاوی ئازیزمان هەروەها بەوە دلّشادین لە پاك کردنەوەی خاکی کوردستان لە بۆگەنی بەکرێگیراوان کرێگرتەی ڕاپەڕاندنی نەخشە و پلانەکانی ئێرانی سەهیۆنی بەم بۆنەیەوە بەلێن تازە دەکەینەوە کە

هەمیشە ئامادەین لە پشتی سەرکردایەتیمان دابین سەرۆکی تێکۆشەرمان خوابیپارێزێ ..

**بەرێز بکر وسو محمد راوێژکاری فەوج..**

مەکتەبی بیر و هۆشیاری

ڕۆڵەکانی گەلی کوردمان بە دڵ و گیان بەرگری لەم خاکە پیرۆزەی وڵات دەکەن ئەمە ناونیشانی ڕێپۆرتاژێکی محمد هەمەوەندیە کە لە ژمارە ((٩٧٥)) هاوکاری و لاپەڕە پێنج لە بەرواری ١٦ /٥/ ١٩٨٨ دا بڵاو کراوەتەوە محمد هەمەوەندی وەك ڕۆژنامەنووسێکی بەعسی زۆربەی قۆڵەکانی ئەنفالی لە هەموو قۆناغەکاندا بەسەر کردۆتەوە لە هەموو بابەتەکانیدا بە پێشەکیەك باسی گەشتەکانی و فەوجەکان و ئەو شۆینانە دەکات کە ڕووی تێکردوون لە ڕێپۆرتاژەکانیدا هەوڵی داوە فەوجەکانی بە مستەشار و جێگر و جەنگاوەرەکانیەوە بە سنوری جوغرافیا و عەشرەتەکانەوە ببەستێتەوە بۆ هێنانە دی مەبەستەکانی..

لێرەدا **محمد کوڕی ڕاوێژکاری فەوجەکە** دەڵێت: بە بۆنەی جەژنەکانی نیسانەوە گەرمترین و جوانترین سلاوی وەفاداری ئاراستەی سەرۆکی فەرماندە صدام حسین دەکەم بەناوی خۆم جەنگاوەرانی فەوجەکەمان پەیمان نوێ دەکەینەوە کە هەمیشە جەنگاوەرێکی بەوەفا بین بۆ پارێزگاری لە خاکی پیرۆزمان..

لە ژمارە ((٩٨٠))ی هاوکاری لە ٦/ ٦/ ١٩٨٨ **جەلال ئەسعەد**

**چەرمەگا ڕاوێژکاری فەوجی ((٧٩)) وتی:**

**دوژمنانی عێراق هەمیشە خەریکی پلان گێڕان بوون بۆ ئەوەی باری پێشکەوتن و هێمنایەتیەکە تێك بدەن و بۆ ئەم مەبەستەش بە پلانی گلاّویان بە فەرمانی ئاغا کانیان بە چەندین شێوە ویستویانە خەوی سەوز نەبویان بێتە دی بەلاّم بە وشیاری گەل و سەرۆکایەتی صدام حسین خوابیپارێزێ هەموو خەوون‌و پلانەکانیان لەگۆڕ کراوە هەر لە سەرەتای دروست بوونی فەوجەکەمانەوە وەك ئەرکی پێویستی خۆمان و بەرگری لە ولاّت لە زۆربەی نەبەردیەکانی ولاّتدا بەشداریمان کردوە جەنگاوەران نمونەی ئازایەتی و گیان لەسەر دەستی بوون بۆ پارێزگاری کردن لە وولاّتی شیرینمان. ناوچەی هەڵەبجە و زێوێ و کاری ئەنفال و چەمی ڕێزان و دیارترین نمونەی پاڵەوانێتی فەوجەکەمانە لەلایەن سەرکردایەتیەوە دەستی ڕێزیان لێ نراوە ..**

**کمال ئەسعد چەرمەگا جێگری ڕاوێژکار وتی:**

**شانازییە بۆ ئێمەی کورد کە ئەمڕۆ لە عێراقدا شان بەشانی برا سەربازەکان لە یەك سەنگەر دژی دوژمنێك دەجەنگین...**

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**سەرچاوە کان:**


١. ژمارە ٩٦١ ی هاوکاری لاپەڕە ٤

٢. ژمارە ٩٧٠ ی هاوکاری لاپەڕە ٧

٣. ژمارە ٩٧١ ی هاوکاری لاپەڕە ٤

٤. ژمارە ٩٧١ ی هاوکاری لاپەڕە ٥

٥. ژمارە ٩٧٢ ی هاوکاری لاپەڕە ٤

٦. ژمارە ٩٧٢ ی هاوکاری

٧. ژمارە ٩٧٤ ی هاوکاری لاپەڕە ٣

٨. ژمارە ٩٧٤ ی هاوکاری

٩. ژمارە ٩٧٥ ی هاوکاری لاپەڕە ٤

١٠. ١٠. ژمارە ٩٨٠ ی هاوکاری لاپەڕە ٨

مەكتەبی بیروهۆشیاری

## مستەشارەكان
## مێژوو لە هیچ خائین وتاوانبارێكی ئەنفال نابووری
## كەی كەس و كاری ئەنفالەكان سكاڵا لەسەر
## مستەشارەكان لە دادگا تۆمار دەكەن

### بەشی سێیەم

لە بەشی یەكەم و دووەمی هەفتەنامەی ئاوێنەی ئازیز و لەم ژمارەیەشدا بەشی سێ یەم بە زنجیرە ناوی مستەشار و ئامر سریەكانمان بڵاوكردوە كە لەلایەن پەیامنێر و نوسەرە بەعسیەكانەوە بەپێی بەرنامەی خۆیان لە سەرەتای ئەنفالی یەك لە ٨ی مانگی شوبات ١٩٨٨ تا دوا قۆناغی ٨ی ئەنفال لە ٦ئەیلولی ١٩٨٨ ئەم مستەشارانە لەو چاوپێكەوتنانەدا بە ڕاشكاوانە لە وتە و وەڵامەكانیاندا هەڵوێستی جاشایەتی خۆیان بە ئازایەتی خستۆتە ڕوو ئەوان شاڵاوەكانی ئەنفالیان بە كاری نشتمانی و نەتەوەیی لە قەڵەم داوە ،ئەوان بە قەناعەتەوە هەموو شەرعیەتێك بەو كارە سەربازییانە

دەدەن ،ڕێنمایی فەیلەقی یەك و پێنج و دامو دەزگاکانی ئیستخباراتیان کردوە بۆ گرتن و بێ سەرو شوێن کردنی جوتیارە کوردەکان. زۆر لەو مستەشارانە پێش ئەوەی ئەفواجی خەفیفە لە سالی ١٩٨٧ دا بکرێتەوە سەرۆك جاشی دیار و مەفرەزەی تایبەت بوون ئەزمونێکی زۆر دەولەمەندیان هەیە بۆ گرتن و کوشتن و کاری تیرۆر بەرامبەر بە هاولاتیانی کورد.

ئەوە ١٨ سال بەسەر ئەنفال و ١٦ سال بەسەر ڕاپەرین و ٣ سال بەسەر تێکشکانی ڕژێمی عێراقدا تێ پەڕیوە هیچ کام لە کەس وکاری ئەنفالەکان لەسەر ئەم مستەشارانە لە دادگا سکالآیان تۆمار نەکردوە هەندێ لەم مستەشارانە لە ژیاندا نەماون ئەوانی تریش هەر وەك صەدام و عەلی حەسەن مەجید و بەرزان تکریتی و نزار خەزرەجی هاوەلەکانیان شانازی بەو مێژوە ڕەشە پڕ لە جینۆسایدەی ئەنفال و کیمیابارانی کوردستانەوە دەکەن لای ئەوان گرتن و بێ سەر و شوێن کردنی جوتیاران کارێکی ڕەوایە سووتماك کردنی گوندەکان کارێکی بەجێیە هەل و مەرجەکانی ئێستا زۆر گونجاون کە ئەو ئامر سریە و مستەشارانەی ڕۆلی دیاریان هەبووە لە ئەنفال و گۆڕە بە کۆمەلەکان و خۆیان بە کارێکی شایستەی دەزانن هەر خۆشیان لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا دانیان بە کار و کردوە و هەلوێستەکانی خۆیاندا ناوە .

تۆ بڵێ ئەم جەنگاوەرە ئازا و قارەمانانەی صدام و قادسیەی ئەنفال لە ناو قەفەسی دادگا دا بەهەمان ڕستە و گوزارشتی وتەکانی خۆیان بدوێن کە لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا خۆیان قسەیان کردوە ؟

بۆ ئەوەی لەمە زیاتر ئەو نهێنیە ورد و قوڵ و پڕ لە پەنهانیانە ون نەبن و ببن بە لاپەڕەیەکی تۆماری مێژووی تاوان و خیانەت با پێکەوە وتەی ئەم مستەشارانە بخوێنینەوە.

بورکانی ئاگری حەق دوژمنانی وڵاتەکەمان دەسوتێنێ.

ئەمە ناونیشانی ئەو ڕیپۆرتاژەیە کە دلێر سعید لە ٢٧ /٦/ ١٩٨٨ لە ژمارە ٩٨٦ی هاوکاریدا بلاوی کردۆتەوە .

**مستەشاری فەوج محمد حاجی حسین دەڵێ:**

دوژمن وای دەزانی بە دەست درێژی کردنی بۆ سەر خاکی عێراق ئیتر مەرامی پیسی دێتە دی بەلام بیری لەوە نەکردبووە کە ڕۆڵەکانی عێراق لە باکوورە وە هەتاکو باشوور شێرانە لەبەردەم شالاوی دڕندانەیاندا دەوەستن. ڕزگار کردنی خاکی ئازیز لە فاو لە ماوەیەکی کەمداو دەرکردنی دوژمن لە ناوچەی شەلەمچە و گرتنەوەی ئەو بەرزاییانەی ناوچەی کوردستان باشترین بەڵگەی ئازایەتی جەنگاوەرانی ئەم وڵاتەن بە بۆنەی هەموو ئەم سەرکەوتنانەوە گەرمترین پیرۆزبایی لە

هەڤاڵی تێکۆشەر صدام حسین دەکەم خوا بیپارێزێ بەناوی خۆم و هەموو جەنگاوەرانی فەوجەکەمەوە بەڵێنی دڵسۆزیو گیان بەخت کردن دووبارە دەکەینەوە کە هەمیشە سەربازێکی بەوەفا بین بۆ پارێزگاری کردن لە خاکی عێراقی کورد و عەرەب.

**محمدی مستەشار** دەڵێت :- گشت کاتێ ئامادەین بۆ تۆمار کردنی داستانی مەزن لە هەموو ناوچەیەکی نشتماندا فەوجەکەمان لە یەکەم ڕۆژی دروست بونیەوە بەشداریەکی تەواوی لە بەر پەرچدانەوەی دوژمندا کردوە دیارترین ئەو بەشداریانەش لە کارەکانی ئەنفالدا بووە ((١))

**محمد کلحێ رێکانی**

لقی دهۆکی ڕۆژنامەی هاوکاری لە ٢٧ /٨ /١٩٨٨ لە ژمارە ٩٨٦ ئەم ڕێپۆرتاژەی لەگەڵ محمد کلحێ ڕیکانی ئەنجام داوە محمد ئەندامی جڤاتا نشتمانی و مستەشارێ فەوجا ٧ یا بەرگریا نشتمانی باسی باوکی محمدی کردوە کە کلحێ ڕێکانیە کە خەڵکی گوندی ((ڕەزگە)) لە قەزای ئامێدی ئەم بنەماڵەیە لە هێڵی نشتمانپەروەران بوون پارێزگاری عێراقیان کردوە لە ساڵی ١٩٣٦ دا کلحێ رێکانی خەلاتی ((وسام الرافدين)) ی وەرگرتوە لە ساڵی ١٩٤٥ دا جارێکی تر خەلات کراوەتەوە بە چوار نیشانێت مێر خاسی ((نوط

الشجاعة)) ، هەروەها لە ساڵی ١٩٤٧ جارێکا دی کلحیٚ هاتە خەلاٚت کرن بەوساما الرافدین ژ درجە دوێ .

کتێبی بیروهۆشیاری

**محمد کلحیٚ ڕێکانی مستەشاری فەوجا ٧** وتی :

فەوجا بەرگریا نشتمانیا هاتیە دامەزراندن لرۆژا ٣ /١٢/ ١٩٨٣ پیك هاتیە ژ متطوعین عەشرتا ڕێکانیا ل قەزا ئامێدی مەلڤان چەند سالاٚدا گەلەك شەڕی کرین لەگەل هیزێت دەجالی خومەینی و پاتە خورێت وی بەتایبەتی ل کەرتیٚ پێنجوێن و سیدەکان و ئەزمڕ و تەق تەق و ماوەت و بارزان جاریکا دی چوارتا و دیرالوك و کانی ماسی.

وەلڤان شەردا شەڕکەریٚ فەوجیٚ گەلەك دەرسێت دژوار نیشان چاڤێت عەجەمان داو هە ژمارەکا مەزن یا دوژمنی عەجەم کوشتن و یەخسیر کرن .((٢))

**فەوجی ١٠٩**

سەودە قەرەنی لە ژمارە ٩٨٣ی هاوکاریدا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ **شێخ خلیل شرفانی** مستەشاری فەوجی ١٠٩ ئەنجام داوە شێخ خلیلی مستەشار دەڵێت:-

لە ساڵی ١٩٨٦ دا فەوجەکەمان پێك هێنرا ژمارەی جەنگاوەرەکانی دەگاتە ٢٥٠٠ جەنگاوەر لە گرنگترین ئەو جەنگانەی کە فەوجەکەمان بەشداری تیا کردوە ئەرکی قارەمانێتی خۆی نواندووە جەنگی چوارتا بوو لە ساڵی ١٩٨٦

جەنگی شەمێران لە ساڵی ١٩٨٦ هەروەها لە جەنگی ئەنفالی یەکەمدا لەسەر گەڵوو بەرگەڵوو لە جەنگی ئەنفالی دووەمدا لە قەرداغ کە فەوجەکەمان چەکێکی زۆری دەست کەوت لەم جەنگانەدا کە جەنگی فارسی دوژمن بوو لە هەردوو جەنگی ئەنفالی یەکەم و دووەمدا ئەوە بوو فەوجەکەمان پاداشتی سەرکردایەتی وەرگرت((٣))

فەوجی ٦٤

**معتصم عبدالکریم حسین بەرزنجی مستەشاری فەوجی ٦٤** وتی:-

هەڵگرتنی چەك و پارێزگاری لە خاك و شەرەفی هاووڵاتیان ئەرکێکی پێویستی سەر شانی هەموو هاوڵاتیانە ئەرکێکی پێویستی سەر شانی هەموو هاونشتمانیەکە بە تایبەتیش کەوا ماوەی چەند ساڵە وڵاتەکەمان تووشی شەڕێکی داسەپێنراو بەسەریدا بووە ئێمەش هەر لەم ڕوانگەیەوە چەکی شەرەفمان کردە شان و بەڕووی دوژمندا وەستاینەوە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان گۆڕەپانی جەنگاوەرانی فەوجەکەمان بووە لەگەڵ دوژمنان ئەو دوژمنەی کە بەهیچ شێوەیەك نرخی مرۆڤایەتی نازانێت هەموو یاسایەکی دەوڵەتی پێشێل کردوە فەوجەکەمان خاوەنی چەندین شەهید و بریندارە ئەم ناوچانە شوێنی تۆمار کردنی نەبەردیەکانمانە((چوارتا- ماوەت- سەرگەڵوو-

سەنگاو-کونجرین-بەنەدۆرە-کارێزە-ئەزمر))هەروەها لە کارەکانی ئەنفالدا بەتایبەتی ((١-٣-٤)) دەوری دیاری فەوجەکەمان جێگەی شانازیمانە جەنگاوەران لەلایەن سەرکردایەتیەوە ڕێزیان لێگیراوە.....بەناوی خۆم و هەموو جەنگاوەرانی فەوجەکەمەوە پەیمانی دڵسۆزیو وەفا بۆ سەرۆکی خوشەویست و هەڤاڵی تێکۆشەر کاك صدام حسین خوابیپارێزێ دوو پات دەکەینەوەکە هەمیشە سەربازی بە جەرگی ئەم وڵاتە بین بۆ پارێزگاری کردن و پاراستنی لە هەموو دەست درێژیەکی دوژمنان.

**جەنگاوەر شوکر عزیز قادر بەرزنجی جێگری مستەشار** وتی :-

ئێمە ئامادەین بە هەموو شێوەیەك بۆ سەربەرزی ئەم وڵاتە گیانی خۆمان پێشکەش بکەین بە کردەوەش ئەوەمان سەلماندووە سەرکەوتنیش بە پشتیوانی یەزدان ئەنجامـمان بووە بۆیە پەیمانی دڵسۆزی دوبارە دەکەمەوە بۆ سەرۆك و گەل و ئەو سەربازە دڵسۆزە بین بۆ هەموو ئەرکێ گشت کات خۆبەخت بکەین ...ئیتر بە هیوای سەرکەوتنی یەکجاری...((٤))

**غفور کریم عباس دوڵ بێشکی**

لە ژمارە ٩٩٥ ی هاوکاری لە ٤/ ٨/ ١٩٨٨ دا لە لاپەڕە چوار دا دەڵێت:-

هەر لە سەرەتای دروست بوونی هێزەکەمانەوە هەموو جەنگاوەران و عەشیرەتەکەمان ئەو ڕۆڵە قارەمانانە بوون کە بە ئەرکی سەرشانی خۆیان هەستاون بونەتە جێگەی شانازی خەڵك و سەرکردایەتیە بە تواناکەمان هەمیشە جەنگاوەران چیایەکی بەرەنگاربوونەوە بوون لە ڕووی دوژمنان و نۆکەراندا ئەوەتا ئەم قوربانیە گەورەیەی فەوجەکەمان داویەتی و کارەکانی ئەنفال باشترین بەڵگەیە ئەو قسەیەمان بۆیە بەشداریمان لە بەرەکانی جەنگدا مایەی شانازیمانە و ئامادەین لەسەر تاسەری عێراقدا بجەنگین و بورکانی حەق بین بەڕووی دوژمناندا .((٥))

**فوجی ١٧٤ی شێخ نەجمەدین بەرزەنجی:**

پارێزگاری عێراق ئەرکی سەرشانمانە

شێخ نەجمەدین شێخ صالح بەرزنجی مستەشاری فەوجی ١٧٤ وتی :-

فەوجەکەمان هەموو جەنگاوەرانی هەر لە سەرەتای دروست بوونیەوە پارێزگاری کردنی لە عێراق بە ئەرکی پێویستی سەر شانی زانیوە بۆیە بە هەموو وزە و توانیایەکەوە جەنگاوەو ناوچەکانی((ماوەت-چوارتا-سیدەکان-گڵە زەردە-پێنجوێن-شەمێران)) مەڵبەندی داستانی گەورەی فەوجەکەمان بووە کارەکانی ئەنفال جەنگاوەرانمان دەورێکی گەورەیان تێدا بینی و لەلایەن سەرکردایەتیەوە بە ( نوط

الـشجاعة)) ڕێزیـان لێـنراوه بـه‌ناوی خـۆم و هـه‌موو جـه‌نگاوه‌رانی فه‌وجه‌که‌مانـه‌وه بـه‌ڵێنی دڵـسۆزی و خوشه‌ویستی دوپات ده‌كه‌ینـه‌وه هه‌میـشه سه‌ربازی بـه‌وه‌فای ئـه‌م خاكه خۆشه‌ویـسته بـین بـۆ ئـه‌وه‌ی له تـه‌ماعی پیـسی دوژمنـان بیپـارێزین هـه‌ر لێـره‌وه بـه بۆنـه‌ی جه‌ژنه‌كانـی شۆڕشی ته‌مموز و سه‌ركه‌وتنه یه‌ك له‌دوای یه‌كه‌كانی سـوپای دلێرمان جوانـترین پیرۆزبایی بـۆ سـه‌رۆكی فه‌رمانـده هه‌ڤاڵی تێكۆشه‌ر صدام حسین خوابیپارێزێ ده‌نێرین ((٦))

مسته‌شاری فه‌وجی ٢٤٠

باوكی دوو شه‌هیدم ئاماده‌م قوربانی زیاتر بده‌م له پێناوی ئه‌م نشتمانه خۆشه‌ویسته

دلێـر سـعید عمـر لـه ژمـاره ٩٩٦ ی هاوكاریـدا دیدارێكـی له‌گه‌ڵ **شێخ ئه‌حمد جه‌میل ئه‌مین** دا ئاماده كردووه‌و ده‌ڵێت:-

ئێمه وه‌كو كوردێكـی دڵسۆز لـه عێراقدا هه‌سـتمان بـه‌وه كردوه كه پاراستن و به‌رگری كردن له ده‌ست تـه‌ماع كـاران و نۆكـه‌رانیان ئـه‌ركی سه‌رشـانمانه لـه هـه‌ر پارچـه‌یه‌كدا بژیـن خـاكی خۆمانـه شـه‌هید بـوون و قوربـانی دان لـه پێنـاو یـدا ئه‌ركی سه‌رشانمانه و جێی شانازییه چونكه سـه‌ركرده صدام حسین خوابیپارێزێ سه‌ركردایه‌تی ده‌كات گـه‌ل لـه خۆشـی و به‌ختیاریدا ده‌ژی نشتمان هه‌میشه لـه په‌ره‌سـه‌ندن و بـه‌ره‌وه پێش چوندایه..

شێخ ئەحمد لە بارەی نەبەردەکانی فەوجەکەیان وتی:

لەسەرەتای دروست بوونی فەوجەکەمانەوە جەنگاوەران داستانی نەبەردییان تۆمار کردوە لە ناوچەکانی ((ماوەت)) و بەرزاییەکانی ،لە پایزی پاردا سەرکەوتنێکی گەورەمان تۆمار کرد ئەویش ڕزگارکردنی (یەك لوتکەی بەرز بوو) کە بلْندی ((١٥٥٠)) مەتر بوو لە ماوەیەکی کەمی شەش سەعاتی دا لە ناوچەی ((قەیوان)) گولاڵە سوورەی ئەو ناوچانەمان بە خوێنی شەهیدانمان گەشتر کرد ، یەکێك لەو شەهیدانە و سەر بەرزم پێی کوڕەکەی خۆم بوو ((هیوا)) .

لە داستانی ئازایەتی فەوجەکەمان لە ناوچەی ((سوتە)) و ((قەرەچەتان)) ڕزگاری کوڕم شەهید بوو ،هەروەها لە کارەکانی ئەنفالی سێ یەمدا بەشداریەکی گەورەمان کردوە و چەندین گوند و ناوچەمان لە دەستی بەکرێگیراون ڕزگار کردوە .لەوانە ناحیەی ((قادر کەرەم )) گوندی ((ئیبراهیم غلام)) و ناوچەی ((قۆپی قەرداغ )) شوێنی داستانێکی گەورەی فەوجەکەمانە کە توانیمان بەکرێگیراوانی ئێرانی تیا دەربکەین((٧))

فەوجی ١٧٢

زکریات محمد سعید لە لاپەڕەی ریپۆرتاژی ژمارە ((٩٩٨)) ی هاوکاریدا لە ١٥/ ٨/ ١٩٨٨

ریپۆرتاژێکی لەگەڵ فەوجی ١٧٢ ئەنجام داوە لە کەرتی

سلیمانی بەناونیشانی ((لە جەنگەکانی باکوور و باشوور بەشدار بووە نیشانەی ئازایەتی پێ بەخشراوە لەلایەن سەرکردایەتیەوە))

لە سەرەتادا ((زکریات)) چەند زانیاریەکی گرنگی لە ((**تحسین شاوەیس**)) ی مستەشار وەرگرتووە و دەڵێت:-

فەوجی ١٧٢ لە ساڵی ١٩٨٧ پێك هێنراوە داگیر کردنی بەرزاییەکانی ماوەت بوو لەگەڵ تیپی ((٣٩)) لە ٢٧ /٤/ ١٩٨٧ ، لەلایەن سەرکردایەتیەوە ((١٥)) نیشانەی ئازایەتی پێ بەخشراوە لەمەوە شان بەشانی هێزە چەکدارەکان بەشداری کردوە لە فەیلەقی یەکەم و بەشداری لە کارەکانی ئەنفالی ((١، ٢. ٣)) کردوە،دیسان بەشداری لە داگیر کردنی بەرزاییەکانی ((١٠٦٠)) لە کەرتی هەنجیرە و ((١٧١٠)) لە سەگرمە و قەرەداغ دا کردوە لەم چالاکیانەدا چەکێکی زۆر و هەمە چەشنە و تەقەمەنیان دەستکەوتووە زیانێکی زۆریان لەسەر و ماڵی دوژمن داوە.

فەوجەکە پێش دامەزراندنی چەند ئەرکێکی پێ سپێردرا ئەویش بۆ ڕاونانی وێرانکاران لە ناوچەی قەرەداغ و سەنگاو بەشداربوون لە جەنگەکانی نەوسود و تەوێڵە و حاجی ئۆمەران و گردەمەند لە ساڵی ١٩٨٢-١٩٨٣ داگیرکردنی دوو بەرزایی لە ناوچەی گیلان غەرب.

ئەم فەوجە قارەمانە لە جەنگەکانی ڕۆژئاوای دجلە و

شەلامچە و قورنەو سیدەکان و راس الصبر و پێنجوێن دا کردوە بۆ ئەمەش پاکژ کردنەوەی کەرتەکانی جەباری و قەرەحەسەن لە کارەکانی ئەنفالی سێ هەمدا.

کتێبی پڕوهەژشاری

**شێخ تحسین شاوەیس سعید مستەشاری فەوجی ١٧٢ دەڵێت:-**

ئێمە شانازی بەو سەرکەوتنانەو جێ بەجێ کراونە دەکەین کە ڕۆڵەکانی نشتمان ئەنجامی دەدەن...بە تایبەتی ئەو سەرکەوتنانەی لە بواری پیشەسازی سوپایی بۆ پشتگیری کردنی جەنگاوەران لە بەرەکانی جەنگدا و ئامادەکردنی کەرەسەی جەنگ و تەقەمەنی نشتمانی...ئێمە زۆر خۆشحاڵ و دڵشادین لە گێرانەوەی خاکی داگیرکراومان بۆ کۆشی دایکی نشتمان...بەم بۆنەیەوە ئەو پەڕی پیرۆزبایی بەرز دەکەمەوە بۆ سەرۆکە فەرماندە صدام حسین و سەربازە دلێرەکانی دووەم قادسیەی عێراق ((٨))

فەوجی ٩٦

**شێخ خالید محمود ئەحمەد غەوارە ناسراو بە خالیدی خولە سوور:**

بەشانازیەوە دەیلێین کە عەشیرەتی (غەوارە)بەسەدان شەهیدی پێشکەش بەم وڵاتە کردوە.

فەوجەکەمان لە خەباتی بەردەوامایە بۆ پاراستنی خاکی

نشتمان.

فەوجەکەمان بەرگری نشتمانی مایەی شانازی گەلی کوردن.

کتێبی بیروهزشیاری

ئەمە ئەو وتانەن کە خالیدی خولە سووری مستەشار بە شانازییەوە لە ٢٢ /٨/ ١٩٨٨ لە هاوکاریدا بلاّوی کردوونەتەوە..

مرۆڤی کوردی عێراق بەوە ناسراوە هەموو کاتێك لە بەردەم ناخۆشیەکانی ژیان دا وەکو قەلاّیەکی پتەو وەستاوە و ئازایانە بەرگری بۆتەوە...ئەمڕۆش کە دوژمنی ئێرانی جەنگێکی نارەوای بەسەرماندا سەپاندووە و بەرپاکردوە،گەلەکەمان شێرانە ڕووبەڕوویان وەستاون پالّەوانانە بەرەنگاریان دەبنەوە...بەشانازیەوە دەیلّێم هەر لەگەلّ بەرپابوونی جەنگدا عەشیرەتەکەمان ((غەوارە)) چەکی شەرەف و کەرامەتی دژی ئەو ڕەگەز پەرستانە کردە شان و لە مەفرەزەی تایبەتیەوە کەوتە تۆمارکردنی داستانی نەبەردی .ئەم هەلّوێستەی ئێمە و عەشیرەتە کوردەکانی تری عێراق ئەوەیان سەلماند کە کوردی عێراقی دەستەوەستان ناوەستن و بە بەرچاویانەوە دوژمن خاکی داگیر بکات..

ئەمڕۆش فەوجەکانی بەرگری نشتمانی مایەی شانازین بۆ گەلی کورد ئەمڕۆ کورد و عەرەب لە عێراقی سەرۆك صدام حسێن دا لەیەك سەنگەردا خەبات دەکەن بۆ پاراستنی خاکی

نشتمان..

**خالیدی خوله سوور** دەڵێت:-

له سەرەتای دروست بوونی مەفرەزەی تایبەتی و پاشان پێکهێنانی فەوج،ناوچەکانی (نەوسود)و پێنجوێن،له ساڵی ١٩٨٢ و وەناوچەی چوارتا ساڵی ١٩٨٤ ناوچەی ماوەت و سیدەکان و گردە مەندە و گیلان و قەسری شیرین لە کەرتی ناوەڕاستی شەڕ وە گرتنەوەی هەرزە لەگەڵ سوپای پاسەوانانی کۆماری ناوچەی سورێن و جێگەی تۆمار کردنی سەر بەرزیمان بووە ئەمە جگە لەوەی لەلایەن سەرکردایەتیەوە ڕێزمان لێ نراوە پاش دروست بوونی فەوجەکەمان چالاکیەکانمان سنورێکی فراوانتر گرتەوە کارەکانی ئەنفال دیارترینیانن ڕزگار کردنی شەدەڵە و سورداش و قەرداغ لە کارە گرنگەکانی فەوجەکەمانە ئەوەشم لەیاد نەچێت فەوجەکەمان دەورێکی باڵای هەبوو لە ڕزگار کردنی شاخی کۆجار.

دواتر خالیدی خوله سوور دەڵێت:

بەهەڵی دەزانم بەبۆنەی جەژنەکانی تەمموز و سەرکەوتنە بەردەوامەکانی سوپای دلێرمان جوانترین پیرۆزبای بۆ سەرۆکی خۆشەویست هەڤاڵ تێکۆشەر کاك صدام حسين پێش کەش دەکەم بەناوی خۆم هەموو جەنگاوەرانی

فەوجەکەمەوە بەڵێنی دڵسۆزی دووبارە دەکەینەوە هەمیشە ئەو ڕۆڵە ئازایانە بین کە دوژمنی شەڕخواز لەهەر کۆییەك بێت لە خاکی عێراق بیان بەزێنین و دەریان پەڕێنین سەرکەوتن بۆ سوپا و گەلی عێراقە..((٩))

**فەوجی ٢٠٥**

نووسینگەی هاوکاری لقی سلیمانی لە لاپەڕە ٣ی ژمارە ٩٩٨ ی هاوکاری لە ١٥ /٨/ ١٩٨٨ دا ڕیپۆرتاژێکی لەگەڵ **عبدالرحمن علی عزیز دەلۆیی مستەشاری فەوجی ٢٠٥** دا ئەنجام داوە عبدالرحمن مستەشار دەڵێت:

لە بیرەوەری ٢٠ ساڵی یادی پیرۆزی جەژنەکانی ١٧ / ٣٠ی تەمووزی مەزندا بەهۆی ئەو سەرکەوتنە پڕ لە شکۆمەندانەی کە ئەمڕۆ سوپای عێراق ئازایانە و قارەمانانە لە هەموو بەرەکانی جەنگدا بەدەستی دەهێنێت بەتایبەتی ئەو سەرکەوتنە یەك لە دوای یەکانەی لە بەرەکانی ((فاو- شەلامچە-زبیدات-ماوەت-لوتکە چیاکانی حاجی عمران)) بەدەستمان هێناوە ئێمەش وەك جەنگاوەرانی ئەم عێراقە خۆشەویستە بەناوی خۆم و عەشیرەتی دەلۆیی و گشت جەنگاوەرانمان بەڵێنی وەفاداری و دڵسۆزی بۆ سەرکردایەتی حیزب و سەرۆکی فەرماندە هەڤاڵی تێکۆشەر صدام حسین دوپات دەکەینەوە((١٠))

### فەوجی ٣٦

**نجلاء قادر** لە ١٥ /٨ /١٩٨٨ دا دیدارێکی لە لاپەڕە(٤)ی ژمارە ٩٩٨ی هاوکاریدا لەگەڵ سادق زویر و هەرکی مستەشاری فەوجی ٣٦ ئامادەکردوە،لە وەلامی پرسیارەکانی دا سادقی ی مستەشار دەڵێ:

فەوجەکەمان لە ساڵی ١٩٨٦ دامەزرا لە لاوانی خوێن گەرم ،لە هێرشەکەی چوارتا بەشداریمان کردوە،ژمارەمان ((١٠٠٠)) جەنگاوەرە،ڕۆژ بە ڕۆژ زۆرتر دەبین،فەوجەکەمان لە کارەکانی ئەنفالی یەك و دووەمدا بەشداربوون لە ڕزگار کردنی ناوچەی قەرەداغ ، نیشانەی پێ بەخشراوە بە هۆی ئەو چالاکیەم لە ناوچەی باکوور و شانازی پێوە دەکەم هەروەها جێگرەکەم ناوی بەرزکرایەوە بۆ هەمان مەبەست لە جەنگاوەرە ئازاکانمان بۆ نموونە جەنگاوەر ((**سۆفی ئەحمەد سۆفی**)) یە برایەکی لە ناوچەی زاوێتە شەهید کراوە.

هەر لەو دیدارەدا نقیب علی مولود ئەفسەری لێپرسراوی بەڕێوەبردنی فەوج کە لەگەڵ ئەم فەوجەدایە و ئەرکی سەرەکی لەم فەوجەدا بۆ ئامادەکردنی پێداویستی فەوجە لە هەموو رویەکی سوپاییەوە،هەرواش بەشداری لە کاری (گەلی ماسی) و ئەنفالی ((١-٢-٣)) دا کردووە.

**فەوجی ٩٤**

**کەمالی محەمەد مام رشید مستەشاری فەوجی ((٩٤))** لە لاپەڕە ((٣))ی ٨ /٨/ ١٩٨٨ لە ژمارە ٩٩٩ ی هاوکاری دا لەم چاوپێکەوتنێکی لقی سلیمانی هاوکاری دا دەڵێ:

ئێمە بە ئاوهەوای پاکی ئەم نشتمانە گەورە بووین و گەیشتوین بەم پلە و پایە ئەرکی سەرشانمانە بە دڵ و گیان پارێزگاری لە هەموو بستێکی بکەین لە باکوورە وە هەتاکو باشوور ، ئەو چەکەی کە کردومانەتە شان چەکی بەرگری و شەرەف وپاراستنە ،ئەگەر چی فەوجەکەمان لە هەموو قۆڵەکانی ناوچەی کوردستان بەشداری کردوە و خاوەنی داستانی نەبەردی و سەرکەوتنە و ئامادەین لەسەر تاپای عێراق دژی ئەو دوژمنە بجەنگێین کە دەیەوێت خاکی پیرۆزی عێراق بۆ مەرامی گلاوی پیس بکات ،لەو کاتەوە چەکمان کردۆتە شان وەکو کوردێکی عێراقی دڵسۆزانە ئەرکی سەرشانمان بەجێ هێناوە.((١٢))

**فەوجی ٢٧٠**

نجلاء قادر لە لاپەڕە (٥) ی ١٨ /٨/ ١٩٨٨ ی ژمارە ٩٩٩ ی هاوکاریدا چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ وەلید قاسم ئاغا ڕۆژبەیانی مستەشاری فەوجی ((٢٧٠)) دا ئەنجام داوە و وەلید قاسم ئاغا

**له وەلاّمی پرسیارەكانی نجلاء دا دەڵێ :-**

**له ١٩٨٧ دا فەوجەكەمان پێكهێنراوە ،لە سەرەتادا ((٥٠٠)) جەنگاوەر بوو،دەرگامان له بەردەم لاواندا كردەوە كە هەستی نشتمانپەروەری له دڵیاندا خول دەخوات،لە پێناوی بەرگری كردن لە خاكی پیرۆزی نشتمان..لە فەوجەكەمان دا پەیوەندیەكی راستەقینە لە نێوانماندایە كە بەرژەوەندی خاكی نشتمانی پیرۆزمانە .**

**-جگە لەو پەیوەندییەی كە هەمانە و لەیەك خێزانی و هۆزدا بەڵكو خاوەنی یەك بیرو باوەڕین و خۆمان بەسەربازی ئەم نشتمانە دادەنێین و هەمیشە ئامادەین لە پێناوی ئەنجامدانی هەر ئەركێك پێمان بسپێردرێت و خۆ بەخت دەكەین،لە پێناو شەرەفمەندی عێراقی خوشەویست و ئازیزدا...**

**لە وەلاّمی یەكێك لە پرسیارەكانی دا كە ئەركی و كارەكانیان و ڕۆڵی جەنگاوەركانیان لە فەوجەكەیان دا چی بووە له بەرگری نشتمانی دا ولید قاسمی مستەشار دەڵێ:-**

**جەنگاوەركانمان دەورێكی بەرزیان هەبووە،لە ئەنجامی تێك شكاندنی بەكرێ گیراوان و وێرانكاران كە مەبەستیان رێخۆش كردن بووە بۆ دوژمنی خاك و گەلی عێراقی پیروزمان .ئێمە لیرە دا لەسەر لوتكەی شاخ و بنار و دۆڵ و هەورازەكان دا لە شێوەی پڵنگ و هەڵۆ هەمیشە ئامادەین بۆ**

شکاندن و تێکدانی هەوڵ و مەبەستەکانی دوژمن و بەکرێ گیراوەکانی ، ئەوەی مایەی شانازی پێوەکردنەو فەوجەکەمان بەشداری کردوە لە کارەکانی پاکژ کردنەوەی زاویتە و کانی ماسی و دێرە لووك((١٣))

**فەوجی ٢٠**

زکریات محەمەد حسن لە ژمارە ١٠٠٠ی هاوکاریدا لە لاپەڕە پێنجی ٢٢/ ٨/ ١٩٨٨ دا لە بارەی فەوجی (٢٠) ی بەرگری نشتمانی دەڵێ:-

ساڵی ١٩٨٣ لە پێناوی بەشدار بونێکی شەرەفمەندی لە جەنگی قادسیەی صدام داو بەرگری کردن لە نشتمانی پیرۆزمان دا دژی فارسە ڕەگەز پەرستەکان .

ئەوەی شانازی پێوە دەکەین ، فەوجەکەمان بەشداری کردوە شان بەشانی فەیلەقی یەکەم لە چوارتا و ماوەت پارێزی کردنی سەنگەرە سنوریەکانی ناوچەی زاخۆ و سلێمانی ئەمە جگە لە ئەرکەکانی ناوچەی دوکان...فەوجە قارەمانەکەمان (٣٥) نیشانەی ئازایەتی پێ بەخشراوە و ژمارەیەك لە دیاری لەلایەن نوسینگەی ڕێکخراوی باکوور و سوپاسنامەی ڕێزلێنان لەلایەن سەرۆکی ئەرکانی گشتی ی سوپاوە لە ناوچەی دوکان....

بۆ نموونە بەڕێز **شێخ شعبان محەمەد طە** یاریدەدەری مستەشار کە بەشداری کردوە لە کارەکانی چوارتا ،

داگیرکردنی کەژی حلوان ،کارەکانی ماوەت،کارەکانی ڕاونانی بەکرێ گیراوان لە کەرتی ئەزمر لە کەرتی خۆشناو خێرەزۆك و کارەکانی قەرداغ و سەنگاو ((١٤))

کتێبی بیروهۆشیاری

**فەوجی ئەبوبکر فەقی محەمد ساڵەیی**

**محەمد ئەمین هەمەوەندی**

لەلاپەڕە پێنجی ژمارە ١٠٠٤ ی هاوکاریدا گەشتێکی ڕۆژنامەنووسی لە بازیان ئەنجام داوە چاوی بە مستەشار ابوبکر ساڵەیی کەوتووە لە ٥ /٩/ ١٩٨٨ دا بلاّوی کردۆتەوە.

دوای گەڕانەوەی محمد امین لە پیرەمەگروون لە ڕێگەدا لای داوەتە لای ئەبوبکر فقی محمد ساڵەیی مستەشار هەمەوەندی دەڵێ: جەنگاوەرانی فەوجەکە چەکەکانیان بەرز دەکردەوە هاواریان دەرکرد ((سەربەرزی بۆ عێراق سەر شۆڕی بۆ دوژمنان چەکەکانمان دانانین تا سەرکەوتنی یەکجاری بۆ عێراق دەبێ مافی ڕەوامان بەتەواوی وەربگرین)) لە سەرەتای دیدارەکەدا ابوبکر فقی محمەدی مستەشار وتی :ئێمە جەنگاوەری کورد شان بەشانی برا عەرەبەکانمان یەك چارەنووسمان هەیە لە سەرمانە بەو پەڕی تواناوە بەرگری لەم عێراقە زێرینە بکەین ئێمە لەم بوارەدا پەیمانی وەفا نوێ دەکەینەوە کە سەربازێکی کۆڵ نەدەر بین بۆ گەل و نشتمان و سەوڕکی خوشەویستمان کاك صدام حسین خوابیپارێزێ ((١٥))

## سەرچاوە كان:

مه كتەبی بیر و هۆشیاری

١. ژمارە ٩٨٦ ی هاوكاری ٢٧ /٦/ ١٩٨٨

٢. ژمارە ٩٨٦ی هاوكاری لاپەڕە ٤ ٢٧ /٦/ ١٩٨٨

٣. ژمارە ٩٨٣ ی هاوكاری لاپەڕە ٤ ١٦ /٦/ ١٩٨٨

٤. ژمارە ٩٩٥ ی هاوكاری لاپەڕە ٤ ٤/ ٨/ ١٩٨٨

٥. ژمارە ٩٩٥ ی هاوكاری لاپەڕە ٤ ٤ /٨/ ١٩٨٨

٦. ژمارە ٩٩٦ ی هاوكاری لاپەڕە ٥ ٨ /٨/ ١٩٨٨

٧. ژمارە ٩٩٦ ی هاوكاری لاپەڕە ٥ ٨/ ٨ /١٩٨٨

٨. ژمارە ٩٨٨ ی هاوكاری ١٥ /٨/ ١٩٨٨

٩. ژمارە ١٠٠٠ ی هاوكاری ٢٢/ ٨/ ١٩٨٨

١٠. ژمارە ٩٨٨ ی هاوكاری لاپەڕە ٣ ١٥ /٨/١ ٩٨٨

١١. ژمارە ٩٩٨ ی هاوكاری لاپەڕە ٤ ١٥/ ٨/ ١٩٨٨

١٢. ژمارە ٩٩٩ ی هاوكاری لاپەڕە ٣ ١٨/ ٨ /١٩٨٨

١٣. ژمارە ٩٩٩ی هاوكاری لاپەڕە ٥ ١٨/ ٨/ ١٩٨٨

١٤. ژمارە ١٠٠٠ی هاوكاری لاپەڕە ٥ ٢٢/ ٨ /١٩٨٨

١٥. ژمارە ١٠٠٤ ی هاوكاری لاپەڕە ٥ ٥ /٩/ ١٩٨٨

مەکتەبی بیروهۆشیاری

**ئەم نوسینەی خوارەوە پەرچەکردارێکی بەڕێز کیسرا جافـە کە لە رۆژنامەی ئاوێنەی ژمارە (٤٥) لەبەرواری ٢١ /١١/ ٢٠٠٦ دا لەسەر بابەتی(مستەشارەکان) بڵاویکردۆتەوە، بەپێویستمـان زانی ئەم بابەتەو وەڵامێك کە بۆ بابەتەکـەی کـیـسـرا لـە رۆژنامەی هەواڵدا نوسراوە، وەك خۆیان بڵاویان بکەینەوە.**

## با مێژوو لەهیچ خائین و تاوانبارێ نەبووری

**کیسرا جاف**

لەڕۆژنامەی ئاوێنە ژمـارە(٣٨)ڕۆژی ٢٦ /٩/ ٢٠٠٦ بابەتێـك بـە ناونیـشانی (مستەشـارەکان)لەنوسـینی کـاك(مـەحمود سـەنگاوی)بلاوبۆتـەوە ، کـە تیایـدا داوای سـزادان و موحاسـەبەکردنی مستەشـارەکان دەکـات بـە تۆمەتـی خیانەتکردن و ئەنجامدانی کارەساتی ئەنفال،جا لەبەر ئەوەی بڕگەیەك لەو بابەتە دوورو درێژە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بـە

منەوە هەبوو ، منیش بەپێویستی دەزانم بۆ ڕوونکردنەوەی حەقیقەت وەڵامی بدەمەوە بەم شێوەیەی خوارەوە :-

یەکەم جار لەو خاڵەوە دەستپێدەکەم کەچۆن بوومەتە مستەشار ، وەك ئاشکرایە لای هەموو کەس چۆن لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمەدا بڵاوبووەوە ...خوالێخۆشبوو (نەبەرد جاف)ی برام کەمستەشاری فەوجی ٧٥ بوو ، لەڕاپەڕینەکەی هەڵەبجەی شەهید (ڕاپەڕینەکەی کانی عاشقان)دەستی هەبوو ، جا بەو هۆیەوە مایەی تێبینی و گومانی ڕژێمی بەعس بوو ، ئەوجا ماوەیەکی کەم دوای ئەو ڕووداوە ،کۆبوونەوەیەك لەسلێمانی سازدراو تیایدا(عەلی حەسەن مەجید)بە مستەشارەکانی ناوچەکەی ڕاگەیاند کەدەیەوێت سلێمانی بکاتە بووکی کوردستان ،(ئەمە لەکاتێکدا هەڵمەتی ڕوخاندنی دێهاتەکانی کوردستان تازە دەستی پێکردبوو) ، ئەوە بوو کاك نەبەرد بەبەرچاوی ئامادەبوانەوە هەڵساو بە(عەلی حەسەن مەجید) وت"سلێمانی بەدێهاتەکانیەوە جوانەو دەبێت بە بووك ، جا ئەگەر جەنابت دێهاتەکانی بڕوخێنیت سلێمانی وێران دەبێت"ئەم وەڵامە عەلی حەسەن مەجیدی زۆر تووڕە کردو هەر لەوێدا نیازی وابوو فەرمانی سزادانی توندی کاك نەبەرد بدات ، کەوەکو وتمان لەوەو پێش تۆمەتی ڕاپەڕینەکەی هەڵەبجەی لەسەر بوو،بەڵام فەرمانددەی فەیلەقی یەك(نزار

ئەلحەزرەجی)بووە مایەی ئەوەی کاك نەبەرد لەو دەمەدا ڕزگاری بێت و تووش نەبێت ، ئیتر کاك نەبەرد گەیشتە ئەو قەناعەتە بۆیە هەر پاش کۆبوونەوەکەی سلێمانی بەسێ هەفتە بەخۆیی و زیاتر لە(٣٠٠)چەکداری فەوجەکەی هەڵاتن و پەیوەندیان کرد بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە،دوای ئەم پێشهاتە(لیژنەی ئەمنی سلێمانی)کۆبونەوەیەکی خێرایان کردو بڕیاریاندا ئەوپەڕی ئیجرائاتی توندوتیژ دەرهەق بە بنەماڵەکەیان بکرێت، ئا لەو کاتەدا عەقید(حسێن هەمزە) کەئەفسەرێکی هەوالگری فەیلەق بوو ناوبراو کوردی (شەبەك)بوو بە حوکمی دۆستایەتی لەگەڵمان ئاگاداری کردین کە چارەنوسێکی ترسناك چاوەڕێمانەو ئامۆژگاریشیکردین کەزوو فریای خۆمان بکەوین ،چونکە لیژنەی ئەمنی سلێمانی لەسەروویانەوە پارێزگاری سلێمانی ئەو دەمە نیازی زۆر خراپە . ئێمەش بەگشت توانایەکمانەوە کەوتینە هەوڵی بەرگری کردن لە خۆمان و سەرەنجام وەزیری بەرگری(عەدنان خەیروڵڵا)کێشەکەی هێمن کردەوەو ڕزگاری کردین و فەرمانی پێکردین کەیەکێك لەبنەماڵەکەمان شوێنی(نەبەرد جاف)بگرێتەوەو فەوجەکە وەرگرێت .

من کەلە کۆمپانیایەکی ئەڵمانی کارم دەکرد ،زۆریش ئاسوودە بووم لەکارەکەمدا ناچار بووم ببم بە مستەشار .

لێرەدا ڕاستەوخۆ بەجەنابت دەڵێم کاك مەحمود (کەخاڵی منداڵەکانمی  برادەرێکی زۆر نزیکی خۆت مەسئولی حیزبی فەوجی ٧٥ بوو بەناوی(ب)کە ئاگادارە لەوەی من خۆم بەعسی نەبووم و ئابوونەی حیزبیشم نەداوە) ، پاش ڕاپەڕینەکەش هەموو خەڵکی ناوچەکە شایەتی ڕۆڵ و هەڵوێستی منن ، هەروەها خۆت باشتر ئاگاداری ،چونکە هێزەکەی تۆ لە(شێخ باوە)بوو منیش هێزەکەم لەدێی(دەکە)بوو کەمەقەڕی خەلفی فیرقەی ٢١ بوو کەمن گرتم هەندێ لەو کەسانەی ماون و خۆت ئەیانناسی :-

١. ئیبراهیم عەزیز
٢. مەحمود قادر
٣. شەهید حاجی مەحمود وەڵسمی

خواڵێخۆشبوو مەحمود عەلی عەرەب .

واتە بەشداری کردنم لەو ڕاپەڕینە مەزنەدا لەترسی جەنابتان نەبووە ، بەڵکو هەڵوێستی نەتەوەیی و کوردایەتی پاکی خۆم بووە .

کاك مەحمود بەراشکاوی داوای سزادان ،موحاکەمەکردنی ئێمە مانانتان کردووە ، وەك لە بابەتەکەتدا بەئاشکرا دیارەو بەڵگەی تۆیش بۆ تاوانبارکردنی ئێمە ئەو بروسکانەیە کەلەهەندێ ژمارەی ڕۆژنامەی(هاوکاری)دا هاتوون منیش

دەڵێم هەموو کەس دەزانێ کاتی خۆی کێشەی ئەو بروسکانە چۆن و بەچی و بەدەستی کێ دەکران ، کاتێ پەیامنێرەکان (لەوانەی ناوی هەندێکیان بڵاوکرایەوە بەناوی سیخوڕ) ئەهاتن بۆ فەوجێك و بڕێك پارەی لە مستەشارەکە وەردەگرت ، ئەوجا خۆی وەك پێی ڕاسپاردبوو بروسکەیەکی بۆ(سەدام حسێن)بەناوی مستەشارەکەوە دەهۆنەوە ،جا دووبارە راستەوخۆ بە کاك(مەحمود)دەڵێم"تۆ لەسەر بروسکەیەك داوای سزادان و موحاکەمەی ئێمەومانان دەکەیت ،باشە جەنابت بۆ خۆت بە گوناهبار نازانیت و حساب بۆ یاساو دادگا ناکەیت ،کەچی ئێمەمانان بە تاوانبارو گوناهبار دەزانیت ؟

هەروەها من لە کاك مەحمود داوا دەکەم چۆن داوای سزادان و دادگایی کردنی ئێمە دەکات ،ئاوهایش داوای موحاسەبەو موحاکەمەی خاوەن فایلەکان و سیخوڕەکان بکات کە بەشێکی زۆریان دۆستی خۆت بوون و کاربەدەست و ناسراون،چونکە یاسا ئەبێت هەموو کەس بگرێتەوە ...

بەڕاستی ئەم بابەتەی کاك مەحمود سەنگاوی یەکەم بابەت نییە کەبەڕێزتان تێیدا هەوڵ دەدات کەلە پلەو پایەی بنەماڵەی ئێمە کەم بکات ،یان ڕۆڵی کاریگەری ئەم بنەماڵەیە لەمێژووی میللەتەکەماندا بسڕێتەوە...خۆ ئەگەر ئەمە یەکەم بابەت بووایە...من هەرگیز وەڵامم نەدەدایەوە ، بەڵام

کەوەڵامیش ئەدەمەوە ئەمە دوایین وەڵامم دەبێت ،جا من لێرەدا ئاماژە بەوە دەکەم کە کاك مەحمود لەیاداشتەکانیدا باسی شەهید بوونی شەهید سەرکەوت لە(خاڵە بەگ)دا کردووەو ئاماژەی بەڕۆڵی خەڵکی بەشەرەفی کەلار داوە کەتەرمیان بەخاك سپاردووە بێ ئەوەی بەهیچ شێوەیەك ئاماژە بەڕۆڵی رەحمەتی(کاك ئاسۆی مەحمود بەگی جاف) بکات کەبەشاهیدی گشت خەڵکی کەلار ئەو ڕۆڵی سەرەکی و یەکەمی لەناشتنەکەیدا هەبووە ، کاك مەحمود باس لەوە دەکات کەئەو پێشبینی ئەوەی کردبوو شەهید(سەرکەوت) شەهید دەبێت،جا کەوابوو دەبووایە کاك مەحمود نەیهێشتایە تەرمەکەی بەجێ بمێنێت و دەستی دوژمن بکەوێت،هەروەها کاك مەحمود بەشانازییەوە(لە بیرەوەریەکانیدا)باس لەوە دەکات کە باپیری چووەتە سەر پیاوانی(مەحمود پاشای جاف) و یەکێکی لێکوشتوون و ئەوجا بەرەو سەنگاو هەڵهاتووە،منیش دەڵێم"کاك مەحمود گیان هەق نییە شانازی بەوەوە بکەیت کەجافێکی وەك باپیرت ،پیاوێکی جاڤ هاوعەشیرەت و هاوژیانی خۆی لەپیاوانی مەحمود پاشای کوشتبێت"ئەوەی ئاشکرایە پیاوانی مەحمود پاشا پشت ماڵەبوون و پشت ماڵەش لەم تیرانەی جاف پێکهاتوون : (ترخانی-رۆغزایی-هاروونی)و هەندێ لەتیرەکانی تری جاف ئەگەر مەحمود پاشایش لەهەقی خۆی دەستی هەڵگرتبێ ئەو

تیرانە چۆن لەهەقی خۆیان دەست هەڵدەگرن و خۆت ئەڵێی کەباپیرت هەڵاتووە بۆ ناوچەی سەنگاو،خۆ باپیرت هەڵنەهاتووە بۆ قەندەهار تا خەڵك لەهەقی خۆی دەست هەڵگرێ و سەنگاویش هەر سنووری جاف بووە ، بەڵکو شوێنی گەورەترین تیرەی جاف بووە ، ئەویش تیرەی میکائلیە، تۆ شانازی بە باپیرتەوە دەکەیت کەپیاوێکی جاف کوشتووە،وابزانم منیش حەقی خۆمە کەشانازی بەباپیرمەوە بکەم کە(حەمە بەگی جافە)لەساڵی١٩٣٠دا لەقشڵەی کەرکوك لە کۆبونەوەیەکی فراواندا بەئامادەبوونی مەندوبی سامی ئینگلیز لەعێراقی ئەو سەردەمەداو بەئامادەبوونی(جەعفەر عەسکەری)جێگری سەرۆك وەزیرانی ئەو سەردەمەو بەئامادەبوونی عەشرەتە کوردەکانی سنووری کەرکوك وەك عەشرەتی داودە- زەنگەنە-جەباری و باقی عەشرەتەکانی تر ، داوای مافی ڕەوای گەلی کوردی کردووەو جەختی لەسەر کوردستانیەتی کەرکوك کردووەو بۆ ئاگاداریت لەهەرچی ڕۆژنامەی کوردی ئەو سەردەمەدا تۆمار کراوە ...

من خۆم لەم دواییەدا لە کەلار تێبینی ئەوەم دەکرد (کاك مەحمود)بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی لەمەیدانی هەڵمەتی هەڵبژاردندا پەنای بۆ مەسەلەی تایەفەگەریی بردووەو ویستویەتی سوود لەسەنگی جاف بۆ ئەو مەبەستە وەربگرێت. مەسەلەی ناکۆکی نێوان جاف و زەنگەنە و دەلۆ

**دەوروژێنێت لەکاتێکدا من بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەم دوو عەشیرەتە لەگەڵ جافدا ئاشناو دۆست و ژن و ژنخوازن ...جا بابێینەوە سەر یاداشتەکانی کاك(مەحمود)،من دڵنیام لەوەی ئەگەر بێن لاپەڕە لەهەمان کیتاو بخەنە بەر دەستی کاك مەحمود نازانێت بینوسێتەوە ، لەکۆتاییدا هیواشم وایە یاسا پەیڕەوی بانێك و چەندین هەوا نەبێت و بالآترو بەرز بێت لەئاستی هەمووان،(هەتا وەکو خاوەن فایلەکانیش) .**

**هەولێر ٨/ ١١/ ٢٠٠٦**

**ئەم بابەتە**

**لە رۆژنامەی هەواڵ ژمارە (٢١٠)ی ١٦ ك١ ٢٠٠٦ بڵاوكراوەتەوە**

مەكتەبی بیر و هۆشیاری

# سەنگاو قەندەهار نیە
# لێبووردن بۆجاش نیە

**سیروان جاف**
**خوێندكاری ماستەر**

گەرئاورێك لەدیرۆكی سیاسی كوردبدەینەوە ،ئەوا بەدرێژای بزوتنەوەی رزگاریخوازی ،كۆمەڵێك لەسەنگەری دوژمندا بوون دژی گەل ،پڕبەپێستیان لەفەرهەنگی كوردایەتیدا قێزەونترین وشەكە (جاش)ە بە باڵایاندا بڕاوە ،تاگەیشتوەتە ئاستێك كە لە كلتوری كوردیدا وشەی جاش بەهێزترین توانجە گەرلەیەكێك بدرێت،جائەگەر كەسێك

یەك تۆزقاڵ شعوری هەبێت کە پێیان ووت و بەڵگەکانیش سەلماندی کە جاشە ئیدی هەقە تنۆك تنۆك بەوخاکەدا ڕۆبچێت کە خیانەتی کردووە،ئەوەی سەرەوەتەنها ئامانج لێ ی ناساندنی وشەی جاش بوو.

کاك (کیسرا جاف)لە نووسینەکەی ژمارە (٤٥)ی هەفتەنامەی ئاوێنە٢١-٢٠٠٦دا کەوەك پەرچەکردارێك لەهەمبەر بلاوکردنەوەی هەندێ بەلگەی (جاشایەتی) کەلەڕۆژنامەی هاوکاری یەوە وەرگیرابوون ،نووسیویەتی،کەڕاستەوخۆ بەشێکی ئەونووسینەی (کاك محمودسەنگاوی)بەناوی مستەشارەکان باس لە ئەو دەکات ،کەدیارە هەم ئەو بەلگانەی ناو نووسینەکەی بەرێز سەنگاوی و هەم لە نووسینەکەی خویدا ئەوە بەرجەستە بووە کە بەرێز(کیسرا جاف)نەك جاشێکی سادە بووەبەلکو گەورە جاش -مستەشارێك بووە کە ئەرکی پەروەردەکرن سەرپەرشتیکردنی سەدان جاشی لەئەستۆدابووە،چونکە ناوبراو ئامرفەوجی ٧٥ی جاشەکانی کوردستان بووە،لە بابەت ئەو ەی کەچۆن بووەتە( مستەشار-سەرۆکی گەلە جاشێك) ئەوە بەندە گومانی هەیە کەهیچ جاشێك پێی ناخۆش بووبێت گوندەکانی کوردستان بڕوخێن، چونکە هەردەم جاش کەو ا سوری بەرلەشکری بەعسیان بوون ئەگینا هەرگیز بەعس هێند شارەزا نەبوو کە دوورە دەسترین ئاوایی

جافنشینی ئەو گەرمیانە وێران بكات،بەڵكو وای بۆدەچم كە ئـەو زەرەرە مادییـەی كـە جـەنابت و هاوشـێوەكانت لـە ڕووخاندی گوندەكاندا تووشتان دەبوو كە ئـەویش موڵكانـە و سەرانە بوو لە جوتیارە ڕووت ورەجاڵـەكانی جافتـان دەسـەند وای لێكـردبن كـە وێـران بوونـی گونـدەكانی لەلاكەمێـك ناخۆشكردووە٠

جـــەنابت لـــە نووســـینەكەتدا گازنـــدە لـــە (كـــاك محمودسەنگاوی )دەكەیت كە هـەردەم هەوڵدەدات لە (پایـەی بنەماڵەكـەتان لەمێـژووی میللەتەكەمانـدا بـسڕێتەوە)بـەلاّم جـەنابت زۆر بێـشەرمانە بـاس لـە پەیوەنـدی بنەماڵەكـەت دەكـەیت لـە گـەڵ سـەرانی بەعـسی وەك(عـەلی كیمـاوی و نزارخەزرەجی ئەندازیاری جێ بەجێ كاری پرۆسەی ئـەنفال عدنان خیرالله وحسێن همزەی گەورە پلـە داری موخابەراتـی بەعس،كەبێگومان ئەمانە لە لووتكەی هـەرەمی تاوانكارانـدان دژ بەكورد،من دەپرسم گەرجـەنابتان جاشـێكی فـرە چوسـت وچالاك نەبوویت چۆن توانیوتە لەگەڵ ئەم گەورە بەعسیاندا دۆستایەتی پەیدابكەیت !!!ڕاستەوخۆ عەقیدێكی موخابـەرات مەترسیەكانت پێ بلێت و وەزیرێكی بەعسی بـەزاری خۆتـان خزمـی( سـەرۆك خوابیپارێزێـت) كێـشەت بـۆ هێوردەكاتـەوە جـەنابتان هێنـد لـەناخی دڵـەوە ئەوانـەت خوشویـستووە، ئێستاشی لەسەربێت دڵت نایە بەهێمایەك نارەزایی خـۆت لـە

دژیان دەربڕی بە لکو بە جۆرێك دەنوسیت (فەرماندەی فەیلەقی یەك نزار خەزرەجی و عەقیدی هەوالگری حسین هەمزەو وەزیری بەرگری عدنان خیرالله کە هێندەی نەماوە وەك جاران لەدوای ناوەکانیانەوە بنوسیت (حفظه الله ورعاه) یان ڕەنگە چاوت بەرای نەهاتبێت سەیری شاشەی میدیاکان بکەیت ببینی کەنەك ئەوان بەلکو ئاغاکانی ئەوانیش دیلی قەفەس و بڕیاری مەرگیان بەسەردادراوە،یان ڕوونتر پێت بلێم (ئەوعەیامە گووزەشت)

جەنابت باس لەوەدەکەیت کە لە کاتی ڕاپەڕینداجەنابت وەك سەرۆك جاشێك بارەگاکەت لەدێ ی (دەکە)بووە کەمەقەڕی خەلفی فەیلەقی ٢١بووە هێزەکەی کاك محمودسەنگاویش لە شێخ باوەبووە لەوەدەمەدا کێرفی هەستی نەتەوەیی و هەلوێست پاکیت وای لێکردووی بەشداری ڕاپەڕین بکەیت،بەلام من پێت دەلێم ڕێك پێچەوانەی ئەمەڕاستە جەنابت لە ترسی (جەنرال سەنگاوی وهەڤالە پارتیزانەکانی)هیچ ڕێگەیەکت لەبەردەمدا نەماوە جگە لەوەی ویستبێت پاکانەیەك بۆخۆت بکەیت چونکە زانیوتە تازە کارلەکارترازاوە،گەروانیە خۆجەنابت ئەودەمەی (کاك نەبەردجاف)ی برات چووەدەرەوە بۆپەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە،هەستی نەتەوایەتیت سەقەت نەبووتالەگەل ئەودا بڕۆیت!!!!یان ڕاستتر وایە بلێین

ئەو دەمە جاشایەتی وای لە جەنابتان کردبوو هیچ ڕاستیەك نەبینی و تابناگوێشت لەزەلکاوی خیانەتدا نقووم ببو هیچ مافێکی نەتەوەییت نەدەبیست!!!!!!پوختتر لەمانە ڕەنگە زۆرئاسایی بێت چونکە هەموومرۆڤێك دەزانێت کە (جاش) نەك هەست بەلکو ئەقلیشی نیە،تاچاوەڕێی هەلۆیستی باشی لێبکرێت.

سەرم سوردەمێنێت کە کاك کیسرا جاف دەبێژێت من بەعسی نەبووم وئابوونەشم نەداوە پێم وایە درێژدارِیو سەری خۆئێشانە کە وەلامی ئەم دێڕەی بدەمەوە،چونکە بەعسی بوونیان خوی دانی پێدادەنێت و سەلماندووشیەتی .......

جەنابتات باس لەوەدەکەن کەبروسکەکانی نێوهاوکاری پەیامنێرەکان خۆیان هۆندوویانەتەوە بڕێك پارەیان لە (گەورەجاش- مستەشارەکە)وەرگرتوە،کەواتەلەودەمەدا پارەشت داوە تابەناوی جەنابتەوە بروسکەیەك بۆسەدام لێبدرێت ،ئیدی چ لۆژیکێکی تێدایە حاشای لێبکەیت،گەرگریمان وابوو(کەدڵنیا وانیە)بۆجەنابت تائێستا لەگۆشەی ڕۆژنامەیەکدا ئەو ڕاستییەت باس نەکردووەو ئەو ئەمانەتەلەگەردنی خۆت و سەرۆك جاشەکانی تردابمالی !!!!!!! بەلام دڵنیام لە عەهدی جاشایەتیتاندا دەست دەست بالتان پێ کردووە دووریش نیە لە

لەچوارچیوەشتان نابێت و هەڵتانواسیبێت ٠

تەنها لەیەك شتدا هاوڕای جەنابتم پێم وایە ڕەنگە كاك محمودسەنگاویشمان لەگەڵدا بێت لەوەی داوا دەكەی كەئێوەمانان و خاوەن فایلەكانیش بدرێنەدادگا،بەلاّم مەخابن ئاستی ووشیاری سیاسی گەلەكەمان نەگەیشتوەتە ئاستێك كەبڕژێنەسەرجادەو هەردوویّ لە حیزبەكان بكەنە پێلاّویّو بلّێن گەر ئەم گەلە جاشە لەناوتاندابێت لەئێمەنین ئێوەشمان ناویّ بەلاّم جاكەی....!!!!!!! ئەگەرمیللەتەكەمان ووشیار بووایە دەبوایە سەرۆك جاشەكان نەك ئێستا سەنگەر لەمرۆڤە پارتیزانەكانی ئەم شۆڕشە نشتمانە بگرن وهەڕەشەیان لێبكەن و هانی خەڵك بدەن دژی پێشمەرگە،بەڵكو وەك خانێك ڕێگەنەدرایە ئێسكەكانیشتان لەخاكی ئەم وولاّتە دا بشاردرایەتەوە

لەبەشێكی دیكەی نووسینەكەدا باس لەوەدەكەیت كەكاك محمودسەنگاوی هەستی تایەفی نێوان جاف و زەنگنەو دەلۆی لەهەڵبژاردنەكاندا بۆسەنگی خۆی بەكارهێناوە،كەپێم وایە ئەمەئەوپەڕی ئیفلاسی جەنابتە لەڕووی كۆمەلاّیەتی یەوە چونكە سەنگاوی وەك سەركردەیكی دیاری نێوهێزێكی عەلمانی وسۆشیال دیموكراتی كوردستان هەردەم لەهەوڵی بەئاگاهێنانەوەی كەس وكارەكەیەتی لەوەی چیدی زەمانی هۆزایەتی بەندایەتی بۆئەوانەی خۆیان بە(گەورەی جاف)

دەزانن،نەماوە دەبێت هەمووان زۆرلەوە گەورەتربیربکەینەوە بەرژەوەندی نەتەوەییمان لەسەروو هەمووشتێکەوە بێت ،واتا (شوکورووشیارە (جاف)تێدەگات ئەمڕۆ)کە جەنابت لە چ سۆنگەیەکەوە ئەو قسەیەدەکەیت ،لەوەش خراپتر تۆتەنانەت تیرەکانی ناوهۆزی گەورەی جافیش بەگژیەکدابکەیت و بڵییت (( گەر محمودپاشای جافیش دەست لەخوێنێ هەلگرێ ئەوا تیرەکانی پشت ماڵە چۆن لەهەقی خۆیان خۆش دەبن )بەواتا هانیان دەدەیت بۆتۆڵە سەندنەوە لە بنەماڵەی کاك محمودسەنگاوی لەکاتێکدا خودی سەنگاوی لەتیرەیی ڕۆغزای جافە ،دڵنیاش بە سەنگاوی لەترۆپکی ڕێزو خۆشەویستیدایە نەك لای جاف بەڵکو لای هەمووخەڵکی کوردستان،مەگەر لای ئێوەمانان نەبێت ،مافی خۆشتانە تاسەرئێسقان ڕقتان لێیبێت چونکە ئەو دوژمنی دۆستەکانی وەك (عەلی کیمای و حسین همزەو خەزرەجی‌و هەمووخائینێکی کوردە)،ئەوەش خەیاڵ پلاوییە کەبتەوێت سەنگاوی تۆقێنیت پێت وابێت سەنگاوقەندەهار نیە ئەوا باش بزانە کە بەهێزترین ڕژێم بەمۆدرێترین چەشنەکانی (تۆپ وتەیارەو کیماوی و گەورەترین سوپا نەیتوانی سەنگاوی بکوژێت ،ئێستا لەسەرۆك جاش و خائینان گەندە خۆرەکان دەترسێت؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟

هەمووکورد یش مافی هەبێت شانازی

بەهەڵوێستەکوردانەکەی (حمەبەگی جافەوە بکات کەلە ١٩٣٠دا لەهەمبەر کوردستانیەتی کەرکوك هەیبوو ،ئەواجەنابت ئەو مافەت نیە چونکە تۆ ڕێك دژی ئەو ئامانجەی ئەو نشتمانپەروەرە کارتکردووە،ڕەحمەتی (حمەبەگی جاف)مێژووییەکی پرشنگداری بۆخۆی تۆمارکرد کەلێوانلێوە لە هەڵوێستی نشتمانی و کوردپەروەری ئەو بۆخۆی پیاوێکی گەورە بوو بەلاّم ئەوەش بزانە(کە خۆت کۆستەی بەتۆچی مامە ڕیشی باووباپیرت).

مەکتەبی بیروهۆشیاری

مەکتەبی بیروهۆشیاری

# پاشکۆ و دیکۆمێنتەکان

# سەرچاوەکانی بەشی یەکەم

مه کتەبی



لە کاتێکدا کە نەورۆز بە پۆشاکە بەهاریيە سەوزەکەيەوە سەر لە کوردستانی رەنگين دەدات ـ ئەبوو لەوێ چەند موژدەيەکی خێر هەبوون بە ئ‌ەدران ئەویش هە‌ واڵەکانی سەرکەوتنەکانی هێزە چەکدارەکانمان‌و فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی

سەر بنکەکانی جەلال تاڵەبانی ی خیانەتکاردا ..
پاش چەند سەعاتێک بەسەر تەواوبوونی جەنگەکەدا بەرەو دوکان کەوتینەرێ ئەویش لەگەڵ

بەرەبەیانی زووداو بە ( سەرکەلوو ، بەرکەلوو ، ( هاوکاری ) یەکەمین کەس ب شوێنەو .. لەوێوە لەگەڵ جەنگ بەدرێژایی ڕێگاکە پارچە

بەرز دەکردینەوە .. ئەو نیشانەیەی لەسەری رایانهێناوین ..
چیاکان بەفر دایپۆشیبوون .. بەرزن وەک بەرزی

[illegible]

رۆژنامەی هاوکاری ژمارە ٩٦٠ی ٢٤ /٣/ ١٩٨٨



ئاگری پیاوانی عێراقی

خۆفرۆشان و داگیرکەران دەسوتێنێ

رۆژنامەی هاوکاری ژمارە ٩٦٠ی ٢٤ /٣/ ١٩٨٨





# دۆڵە بەشەرەف و بەوەفاکانی کوردستان بنکەکانی خیانەتکاران و داپاکانیان تێکداو هوردو خاشیان کردو هاوێشتیانە ناو بەردەکانی دۆڵەکاندا

## لە ئەرکی بەجێ هێنانی (الانفال)دا ئێرانی دوژمن‌و کینە لە دڵ توانیمان ختووکەیی‌و خۆنواندنەکانی هەڵوەشێنین

ذكريات محمد حسن







لە نێو گەشتێکی راگەیاندنی لە پارێزگای سلێمانی ، ئەم چاوپێکەوتنانەمان لەگەڵ فەوجی (١٣٧) و ١٦٢ی ـ بەرگری نیشتمانی کرد . یەکەمین چاوپێکەوتنەکەمان لەگەڵ شێخ محمود سەید گول بوو ، موستەشاری فەوجی ، ١٣٧ ، شێخ محمود وتی لە بۆ بەشداری کردنمان لە جەنگی قادسیەی صدامی پیرۆزدا کە هەرێمەکەمان دژ بە فارسی دوژمن‌و رەگەزپەرست دەجەنگێ ماوەی نزیکەی هەشت ساڵە . فەوجەکەمان ، فەوجی (١٣٧) پێکهێنرا لە عەشرەتی کاریزە . کە ژمارەی جەنگاوەرەکانی لە (٢٥٠٠) جەنگاوەر تێپەڕیوەو هەندێ ژمارەیان لە زۆریدا کە رۆژ نیە داوا کردنیان بۆ هاتنە ریزی فەوجەکەمان نەکاتە (٥٠) کەس جەنگاوەر لە رۆڵەکانی عەشیرەکەمان بۆ جەنگێ شان‌بەشانمان . لە گرنگترین جەنگی کە تیایدا بەشداریمان کردوە کە یەکەمین جەنگیشمان بووە ئەوەش لە کەرتی ناوچەی کاریزەو قەرەداغ‌و سەنگاو دووکان‌و گوبالا کە زیانێکی گەورەمان داوە لە دوژمن چ بەسەرو ماڵ ، چ بەکەرستەی جەنگیان . هەروا دیسان شێخ مەحمود لە باری مەبەست‌و خواستەکانی دوژمن‌و دوژمنکاریەکانی رژێمی ئێران‌و دەوری ئاپاکان بۆ رێ ئامادە کردن لە کوردستاندا بۆ دوژمن وتی ... ئێرانی دوژمنکار هیوایەکی گەورەی بە ئاپاکان بەستبوو بۆ بەجێ هێنانی ئاواتەکانی‌و دەست‌بەسەراگرتنی لووتکەی شاخێک ، یان لە بێ خول . بەڵام ئەبەردکان ـ رۆڵەکانی کوردستان بە شەرەف‌و وەفادارەکان ـ چاویان وەک بازێکی ئامادە بوو لە ...

رۆژنامەی هاوکاری ژمارە ٩٦٠ی ٢٤/ ٣/ ١٩٨٨



# چاوپێکەوتنێک لەگەڵ ڕاوێژکار شێخ خلیل شرفانی‌دا ڕاوێژکاری فەوجی (١٠٩) ی بەرگری نیشتمانی

سروە قەرەنی

دیمەنێکی زۆر جوان .. ئەوەش لوتکەی چیا بڵندە دڵ ڕفێنەکانی باکووری خۆشەویستمانە .. ئەم دیمەنە بە هیچ کەس ناکرێ بکاتە وەسف کردنی‌و لەکاتێکدا سەیری جەنگاوەرەکانی فەوجی (١٠٩)ی بەگری نیشتمانیم دەکرد پاش وەدی هێنانی ئەرکی جەنگینیان جەنگینێکی تایبەتی لە سەرووی لوتکەیەکی کەژاوی‌دار پێش ئەوەی بگەمە بەرێز شێخ خلیل عبداللە الشرفانی ڕاوێژکاری فەوجی (١٠٩)ی بەرگری نیشتمانی لە مێشکمدا چەند پرسیارێکم ئامادە کردبوو دەربارەی ڕێکخستنی ئەم فەوجەو جەنگینەکانی فەوج لەم ناوچە شاخاوی‌یە سەختەدا لە نێو ئەو چاوپێکەوتنەدا لەگەل شێخ الشرفانی بۆم دەرکەوت هەتا چ ڕادەیەك بەخۆی‌و جەنگاوەرەکانی سوورن لە سەر بەرگری کردن لە خاکی عیراقی پیرۆزو مەزنماندا ، دەربارەی پێکهێنان‌و ڕێکخستنی فەوجەکە شێخ شرفانی ووتی .

